# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

۴۹۸

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۹۸ – خەرمانانی – سێپتامبەری ۲۰۲۶






## یادێک لە سێ سیمای هەمیشە زیندووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران
## هاوڕێیان فواد و سدیق و غوڵام



## کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا؛ ئەزموونێک کە دەبێ دەرسی لێ وەربگرین



## کۆمەڵکوژیی زیندانیان لە هاوینی ١٣٦٧ لاپەڕەیەک لە مێژووی پڕ لە تاوانی حکوومەتی ئیسلامی

## تیرۆرە ئامانجدار و بەرنامە بۆداڕێژراوەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە

## پەرەسەندنی چەوساندنەوە، سەختی کار و هەڵکشانی مەرگە بێدەنگەکانی کرێکاران

## شەڕی ئەمریکا، دەرفەتێک بۆ توندترکردنەوەی شەڕی دژ بە کۆمەڵگا

## دابینکردنی خانوو، خەونە بەدینەهاتووەکەی لاوان، کاڵا پڕقازانجەکەی سەرمایەداران

### سەروتار

## بەبۆنەی ١١ی خەرمانان چل و سێهەمینساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

یازدەی خەرمانان ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ١١ی خەرمانانی ١٣٦٢، لە کونگرەیەکی موئەسسدا دامەزرا و بەڕەسمی موجودیەتی خۆی ڕاگەیاند. لە ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا یاد و بیرەوەری فیداکاری هاوڕێیان و هاوسەنگەرانێک ڕێز لێدەگرین کە لە ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، چ لە زیندان و لەژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەکان، یان لە بەردەم داری ئیعدام و لە بەرانبەر جوخەی ئیعدامی جمهوری ئیسلامیدا و چ لە سەنگەری شەڕی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و خەباتی چەکدارانە لە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا، بۆ ڕزگاری ئینسانەکان لە دەست ستەم و چەوسانەوە گیانیان فیدا کرد. هەروەها سڵاو و درووددەنێرین بۆ بنەماڵەی خۆڕاگر و سەربەرزی ئەم ئازیزانە

دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ڕۆژی یازدەی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٢ ئەگەرچی کارێکی دەستبەجێ بۆ وەڵام دانەوە لە هەلومەرجێکی سیاسی ئەو دەورەیە لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە بوو کە کەوتە دەستوری کاریانەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێک کردەوەیەکی لەناکاو نەبوو و لە ژوورێکی داخراودا و بە دوور لەچاوی کۆمەڵگا و بزووتنەوە، زەمینەسازی و تەدارەکی بۆ نەبیندرابوو. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە درێژەی خەباتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە دژی بیروڕای وردەبورژوایی کە بزووتنەوەی چەپی ئێرانی خستبووە ژێر تەئسیری خۆی، پێک هات. مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لەماوەی چەند ساڵ سوسیالیزمی وردەبورژوازی، پوپولیزمی مودەعی مارکسیزمی لە بوارەکانی نەزەری، مێتۆدۆلۆژیک، سیاسی و شێوەکاری، دایە بەر ڕەخنە و جارێکی تر ئاڵای سەربەخۆیی کۆمۆنیزمی شەکاوە ڕاگرت. شکڵگرتن و گەشەی بە خێرای مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە ئێران ڕەنگدانەوەی سیاسی و ڕێکخراوەیی حوزوری بەرچاوی چینی کرێکاری ئێران لە مەیدانی ئینقلابدا بوو. چینێک کە بۆ بەرەو پێش چوون و ڕزگاری خۆی پێویستی بە تیۆری شۆڕشگێرانە و سازمانی خۆی هەبوو. چینێک کە لە عەینی حاڵدا بە حوزوری خۆی لە مەیدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا زەمینەی مادی و هەلومەرجێکی لەباری بۆ گۆڕینی ئەم تیۆری شۆڕشگێرانەیە بە هێزێکی واقعی و کۆمەڵایەتی ئامادە کردبوو و هەروەها باروودۆخێکی گونجاوی بۆ بەهێزکردنی سیاسی و ڕێکخراوەیی

سازمانە پێشڕەوەکانی خۆی خولقاندبوو. لە واقعدا حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرهەمی حوزور و دەوری چینی کرێکار لە ئاڵوگۆڕەکانی شۆڕشی ساڵی ۱۳۵۷ و هەوڵ و تەقالای شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیستە، کە نەتەنیا لە ڕیزەکانی کۆمەڵە و ئیتحادی موبارزانی کۆمۆنیستدا کە ئالای مارکسیزمی شۆڕشگێڕانەیان بەرز کردبووەوە و مەبانی فیکریەکەیان لە هەڵوێستە ڕەسمیەکانی خۆیاندا نوێنەرایەتی دەکرد، بەڵکوو لەناو سازمانەکانی پەیکار، ڕەزمەندەگان، وەحدەتی ئینقلابی، ڕەزمی ئینقلابی و چریکە فیداییەکانی خەڵک، بۆ هێنانە دەری مارکسیزم لە ژێر ئاواری بەلاڕێدابردنەکانی بورژوایی و وردەبورژوایی بە شێوەیەکی هەڵسووڕاوانە خەباتیان دەکرد

ئەم حیزبە لە هەلومەرجێکدا پێک هات کە شۆڕشی ئێران کەوتبووە ژێر زەبری حکومەتی دژی شۆڕشی ئیسلامی و دوایین هەناسەکانی خۆی دەکێشا. سەرکوتە خوێناوییەکان، دەستگیرییە بەربڵاوەکان و ئیعدامە بەرینەکان، بەشێک لە سازمانە چەپەکانی بە کردەوە هەڵوەشاندبووەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە دەستی بەشێک لە هێزەکانی چەپی ئێران، وەڵامێکی شۆڕشگێڕانە و کارامە و لە ڕادەی خۆیدا، بەو بارودۆخە نابەسامانە بوو. لە حاڵێکدا حکومەتی جمهوری ئیسلامی لە هەموو شوێن هەڵوەشاندنەوەی سازمانە سیاسیەکانی تەبلیغ دەکرد، حیزبێکی سیاسی تازە و بە شوور و شەوق، بە ڕۆحیە و هومێدەوار لە حاڵی شکڵگرتندا بوو. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر لە سەرەتای پێک هاتنیەوە، لە تاران و شارە گەورەکانی ئێران و لە شوێنە کرێکاریەکان تەشکیلات و هەڵسووڕاوانی کرێکاری لەگەڵ خۆی هێنا و ژمارەیەکی بە نیسبەت زۆر لە هەڵسووڕاوانی سیاسی و کۆمۆنیستی ئێرانی لەگەڵ بوو. لە کوردستانیش پشتی بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە بەستبوو کە بەرژەوەندێکی سیاسی و بەرنامەیەکی ڕۆشنی هەبوو. وجوودی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئاسۆیەکی تازەی بە رووی کۆمەڵەدا کردەوە. ڕەزمەندەگی و شور و شەوقی شۆڕشگێڕانەی لە ریزەکانی کۆمەڵەدا بردە سەرێ و ڕێگای نەدا پاشەکشەی چەکدارانەی بزووتنەوەی کوردستان ئاسۆی سیاسی پێشمەرگەکان لێڵ و تاریک بکات و یارمەتیدەری کۆمەڵە بوو بۆ ئەوەی ئەو دەورانە سەخت و گرینگە بە باشی پشت سەر بنێ

بەڵام لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا هەلومەرجێک کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی تێدا پێکهات یەکجار گۆڕاوە. چ لەئاستی ئێران و چ لەئاستی جیهاندا ئاڵوگۆڕی بەرین ڕوویداوە. ڕووخانی بەرەی شۆڕەوی و ئەو مۆدێلە سەرمایەدارییە دەوڵەتییەی کە بەناوی سۆسیالیسم پێناسەدەکرا، کۆتایی شەڕی سارد، هەڵکشان و داکشانی نیئولیبرالیسم، لاوازبوونی دەسەڵاتی ئابووری و نیزامی ئەمریکا و هاتنە مەیدانی چین و بلۆکە ئابوورییە تازەکان، شەڕی ئیمپریالیستی لە ئۆکراین، کۆمەڵکوژی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە بە پشتیوانی ئەمریکا و ڕەوتی سەقامگیربوونی جیهانی چەندجەمسەری و هیتر، چەند نموونە لەو ئاڵوگۆڕانەن. لەلایەکی دیکەوە ئەولەوییەتی نیزامی کاپیتالیستی بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج لە کورتترین ماوەدا، گۆی زەویی بەرەو نابوودی دەبات و کۆمەڵگای بەشەری بەرەورووی کارەساتێکی ژینگەیی کردووەتەوە. ئەگەرچی پێشکەوتنی خێرای تێکنۆلۆژی، ڕۆبات و زیرەکی دەستکرد، زیاتر لە هەموو کاتێک ئیمکانی کەمکردنەوەی سەعاتی کار و بردنەسەری ئاستی فەراغەت و پشکوتنی تواناکانی مرۆڤی فەراهەم کردووە، بەڵام ئەم پێشکەوتنە مەزنانە بەخاتری پاوانخوازی کۆمپانیاکان و دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری بوونەتە ئامرازی پەرەپێدانی ترس و نیگەرانی لەناو کرێکاراندا

لە ئاستی ئێرانیشدا هەلومەرجی کاری ئێمە زۆر گۆڕدراوە و ئاڵوگۆڕێکی گەورەی تێدا پێک هاتووە. لە ماوەی ئەم چەند دەیەیەدا جەمعیەتی ئێران بۆتە زیاتر لە دوو هێندە، جەمعیەتی کرێکارانی سەنعەتی بە چەندین قات زیادی کردوە و ڕەنگ دانەوەی ئەم ئاڵوگۆڕە، خۆی لە داخوازیەکان و بەرین بوونەوەی ئیعترازاتی کرێکاردا نیشان دەدات. لە سێ، چوار ساڵی دوایی و پێش دەستپێکردنی شەڕی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی چینی کرێکاری ئێران ساڵانە بەشێوەی مامناوەند دوو تا سێ هەزار نارەزایەتی و مانگرتنی تەجروبە کردووە. نەسلێک لە هەڵسووڕاوان و ڕابەرانی کرێکاری لە ڕەوتی خەباتی کرێکاریدا پەروەردە بوون و هاتوونەتە مەیدان کە توانایی و پوتانسیەلی خۆیان لە سازماندان و رابەری دەیان ئیعتراز و مانگرتنی کرێکاریدا نیشان داوە. ژنان بە وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی خۆڕاگری گەورە لە دژی یاساکانی دژە ژنی ئیسلامی و بە حوزوری بەرچاوی خۆیان لە بزووتنەوە ئیعترازیەکاندا نیشانیان داوە کە پێیەکی ئەسڵی هەر ئاڵوگۆڕێکن لە داهاتوودا. ئاخێزە جەماوەری و سەرانسەرییەکان بەفرانباری ۹٦ و خەزەڵوەری ۹۸، ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ۱٤۰۱ی هەتاوی کە بەناوی ڕەمزی ژن، ژیان، ئازادییەوە دەستپێکرد، و هەروەها ئاخێزی سەرتاسەری بەفرانباری ۱٤۰٤ ئاڵوگۆڕێکی گەورەیان لە وشیاری کۆمەڵانی خەڵکدا پێکهێناوە. قەیرانەکانی ژینگە و ئاکامەکانی، خەبات لە دژی ویران کردنی ژینگەی کردۆتە ئەمرێکی دەستبەجێ بۆ کۆمۆنیستەکان. مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانی ئەمڕۆ، بە بەراورد لەگەڵ سێ یان چوار دەیە لەمەوبەر بە تەواوی تازەن. شەپۆلی کۆچکردنی گوندنشینان بەرەو شارەکان و پەرەئەستاندنی شارنشینی و هاوکات زۆربوونی حاشیەنشینی، و سەرجەم ئەم ئاڵوگۆڕانە، ئێمە و بارودۆخی کار و هەڵسووڕانی ئەمڕۆی ئێمەی لەچاو ساڵانی سەرەتای چالاکیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، خستووەتە بارودۆخێکی بەتەواوی جیاوازەوە. ئەوانەی کە ئەم واقعیەتە بەرچاوە نابینن و نەخشەی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان کێشابوو، نەک هەر نەخشەکانیان بەرەورووی شکست بووەوە و دەبێت، بەڵکوو لە حەقیقەتدا بە ڕاگەیاندنی عەجز و بێ توانایی خۆیان لە تێگەیشتن لە بارودۆخی ئێستا و ئەرکە گەورەکانی ئەم دەورەیە، بە کردەوە کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکانی هەژاری کۆمەڵگا لە مەیدانی خەباتەوە دەنێرنە قوربانگای سات و سەودا لەگەڵ حیزبە بورژوایەکان

هەموو ئەم ئاڵوگۆڕانە لەبارودۆخێکدایە کە چینی کرێکار بەتایبەت لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. بەپێچەوانەی ئەو تەبلیغاتەی کە سەبارەت بە کەمڕەنگبوونەوەی چینی کرێکار و پڕڕەنگبوونی ڕۆڵی چینی مامناوەند دەکرێ، هیچکات چینی کرێکار بەقەد ئێستا دەسەڵاتی ئابووریی نەبووە و هیچکات بەئەندازەی ئێستا لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا دەورونەخشی نەبووە. خەباتی ئەم چینە لە سەردەمی سەرمایەداریدا هەروا مۆتۆری ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە مێژوو و کۆمەڵگادایە و ئەم ئەسڵە کە لە ناوەندی سەرنجی مارکسدا بووە هەروا بەهێزەوە ئیعتباری مێژوویی و عەینیی خۆی پاراستووە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەم قۆناغەدا پێویستە ئەم ئاڵوگۆڕانە و بابەتی سەرەکیی چالاکیی خۆی بەباشی بناسێت. ئەم حیزبە تەنها بە ئاوێتەبوون لەگەڵ بزووتنەوەی ئابووریی چینی کرێکار و بە پشت بەستن بە ڕۆڵی ڕێبەران و پێشڕەوان و بەشی وشیاری چینی کرێکارە کە دەتوانێت ڕۆڵی خۆی لە ڕێکخستنی شۆڕشی کرێکاریدا بگێڕێت

لە کوردستانیش ئەگەر لە زاویەی قازانج و بەرژەوەندی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی هەژارەوە چاو لە مەسەلەکانی کۆمەڵگا بکەین، هەرچی زیاتر کردنی هەڵسووڕانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە وەک بەشێکی جیا نەکراوەی ئەم حیزبە پێویست و حەیاتیە. لە زەمانێکدا کە ناسیونالیزم بە یارمەتی هەموو پاشەکەوتەکانی فەرهەنگی و سیاسی و بەرنامەیی خۆی، تەفرەقە و جیایی لە نێو ڕیزەکانی کرێکارانی سەر بە نەتەوە جۆراوجۆرەکان پەرە پێدەدات و ئێمە هەموو ڕۆژێک شاهیدی ئەو کارەساتانەین کە بەپێی بەرنامە و سیاسەتە ناسیونالیستیەکانیان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دونیا دەیخوڵقێنن، لێرەش لە کوردستان پشت بەستن بە حیزب و سازمانێکی سەرتاسەری و کۆمۆنیستی، بە شێوەیەکی کارامە یارمەتیدەری بەهێز کردنی هاوبەستەگی چینایەتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ باقی کرێکاران و زەحمەتکێشانی بەشەکانی دیکەی ئێرانە

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە قەیراناویترین قۆناغەکانی تەمەنیدایە، لە زەلکاوی شەڕێکی تاقەتپڕووکێندا گیری کردووە، ستراتێژی ناوچەییەکەی بۆ بوون بە دەسەڵاتی باڵادەست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ زەمانەتکردنی مانەوەی خۆی تووشی شکست بووە، بناغەی ئیدئولۆژیکی دەسەڵاتەکەی دارماوە، توانای دابین کردنی ئاو و بەرق و هەوای سالمی نییە، لەژێر فشاری بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکاندا ناکۆکییە ناوخۆییەکانی توندتر بوونەوە، پایەکانی دەسەڵاتەکەی لاواز بووە و یەک لە دوای یەک دادەڕمێت، لە کاتێکدا کە حیزبە ناسیونالیستەکان لە کوردستان تێدەکۆشن بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بکەنە هاوپەیمان و هێزی زەخیرەی ئۆپوزیسیونی بورژوایی لە سەتحی سەرتاسەریدا و بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بە دەخاڵەتی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان ئومێدیان بەستووە، کۆمەڵە وەک ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تێدەکۆشێ پەیوەند و هاوبەستەگی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەتحی سەرتاسەریدا بەهێز بکات. کۆمەڵە لە ڕێگەی پەرەپێدان بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەک بە سازماندانی ئەم بزووتنەوانە، هێز و توانا دەبەخشێ بە خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و هەڵسووڕانی سەرتاسەری بۆ شکڵ پێدان بە بەدیلی سوسیالیستی و ئاسۆی سەرکەوتن و دەسەڵاتداریەتیی شۆرایی دەخاتە بەردەم خەڵکی کوردستان. لە ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بۆ جارێکی تر هەموو کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی وشیاری ئێران بۆ پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی ئەم حیزبە و کۆمەڵە و خەبات لەپێناو ئەم ئەرکە مێژوویی و پڕ لە شانازییە بانگەشە دەکەین

❊❊❊

## ڕاگەیاندراوی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بە بۆنەی ساڵوەگەری کۆمەڵکوژیی هەزاران زیندانیی سیاسی؛

# خەونی پووچی ڕژیمی تاوان، چەوساندنەوە و تاڵانکاری بۆ گەڕانەوە بەرەو بێدەنگییە گۆڕستانییەکەی دەیەی شەست

تاوان، دڕندەیی و کۆنەپەرستی لە زاتی پشتیوانانی "ئیسلامی سیاسی"دایە. کۆماری ئیسلامی لە ئێرانیش لەم یاسایە بەدەر نەبووە و نییە. بانگەشەکارانی ئەم ڕژیمە تەنانەت پێش ئەوەی بگەنە دەسەڵات، لە (توضیح المسائل) و نامیلکە ئایینییەکانیاندا حوکمی "کافر، مورتەد و مونافیق"یان دەرکردبوو. ئەو کەمینە حیزبوڵلاهییەی نێو زیندانی "ئاریامێهری"، هەر لەو کاتەوە چەپەکانیان بە "گڵاو" دەزانی و پوتانسیەلی خۆیان بۆ بوون بە جەللادەکانی داهاتوو خستبووە ڕوو. ئەوان لە ڕەوتی شۆڕشی ٥٧دا، لەپێناو ئامانجە ماکیاڤێلیستییەکانیاندا، زیاتر لە چوارسەد مرۆڤیان لە سینەما ڕێکسی ئابادان کردە خەڵووز. هەر بۆیە لای ئێمەی چالاکانی چەپی شۆڕشگێڕ هەر لە سەرەتاوە ڕوون بوو کە ئەم ڕژیمە دژەشۆڕشەی کە لە دەرونی شۆڕشە ناکامەکەوە سەری هەڵدا، شمشێر لە ڕوو دەبەستێت و کەڵک لە هەر دەرفەتێک وەردەگرێت بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی و سڕینەوەی نەیارانی

کۆماری ئیسلامی بە لەسێدارەدانی تاوانکارانەی سەرانی سەربازی و سیاسیی ڕژیمی پەهلەوی لەسەر بنەمای یاسا ڕزیوە ئایینییەکان لە "دادگا شەرعییە" چەند خولەکییەکانی سەربانی شوێنی نیشتەجێبوونی خومەینییەوە دەستی پێکرد، بێ ئەوەی تۆمەتباران مافی هەبوونی پارێزەر و دادگای ئاشکرایان هەبێت. پاشان بە دەرکردنی فەرمانی حیجابی زۆرەملێ، پەلاماردانی مافە سەرەتاییەکانی ژنانیان دەست پێکرد و بە هێرشکردنە سەر کتێب فرۆشییەکان، بارەگای حیزب و ڕێکخراوەکان، لەشکرکێشی بۆ سەر تورکەمەن سەحرا، کوردستان و خوزستان، هەروەها سەرکوتکردنی ئەنجومەن و ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان و داخرانی زانکۆکان، سروشتی کۆنەپەرستانە، دیکتاتۆرانە، سەرمایەداری و فاشیستی خۆیان سەلماند

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، قۆناغی مێژوویی سیی جۆزەردانی ساڵی شەستی هەتاوی پێویست بوو، تاوەکو ڕژیم لە سبەینێ ئەو ڕۆژەوە، سەرکوتە سەرتاسەرییەکان و لەسێدارەدانی بەربڵاوی نەیاران دەست پێ بکات. لە نێوان ساڵانی ٦٠ تا ٦٣ دەیان هەزار مێردمنداڵ، لاو و تێکۆشەر دەستبەسەر و ئەشکەنجە دران و هەزاران کەسیان ڕادەستی جوخەکانی تیرباران کران. ڕژیم دوای سەپاندنی زەبروزەنگی تەواو و "بێدەنگی گۆڕستانئاسا"، ماوەیەک لە بەرینایی ئێعدامەکانی کەم کردەوە، بەڵام پاش شکست لە شەڕە کۆنەپەرستانە هەشت ساڵەیەکەی لەگەڵ عێراق و نۆشینی جامی ژەهری ئاگربەست لەلایەن خومەینییەوە، بڕیاری دا تۆڵەی شکستەکەی لەو زیندانییە سیاسییە بێدەرەتانانە بکاتەوە کە لەلایەن بێدادگاکانی ڕژیمەوە سزای زیندانیان بەسەردا سەپابوو و سەرقاڵی تێپەڕاندنی ماوەی زیندانەکەیان بوون، کە تەنانەت هەندێکیان لە سەروبەندی ئازادبوونیشدا بوون. بە فەتوای خومەینی، دەستە سێ کەسییەکانی مەرگ لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران پێکهێنران بۆ ئەوەی کۆمۆنیست و موجاهید و جیاوازبیران تەنها بە خستنەڕووی یەک یان دوو پرسیاری سادە بەرەو پەتی سێدارە ڕەوانە بکەن. بەم جۆرە کارەساتی سامناک و ناخ هەژێنەری هاوینی ٦٧ خولقا. ئامانجی دیکەی ڕژیم هەروەکو خۆشی دانی پێدا نابوو، لەناوبردنی ڕێکخراوە سیاسییەکان، ناوەندە ڕێکخراوەکان و کەسایەتییە کاریگەرەکان بوو لەسەر کەشی سیاسی و بزووتنەوە پێشکەوتنخواز و چینایەتییەکان

لە ڕەوتی ئەم کارەساتە سامناکەدا، لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا، هەزاران زیندانی سیاسی لە دار دران و لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە خاوەرانی تاران و خاوەرانەکانی سەرتاسەری وڵاتدا بە خاک سپێردران، بێ ئەوەی تەنانەت ناونیشانی شوێنی ناشتن و هۆکاری ئەم کۆمەڵکوژییە گەورەیە بە بنەماڵەکانیان ڕابگەیەندرێت. ئەوە دایکانی جەرگسووتاو بوون کە بە دەستانی لەرزۆک و چاوانی پڕ لە فرمێسکەوە، خاوەرانیان دۆزییەوە و سەرەڕای هەموو سەرکوتکارییەکان بە گوڵبارانکردنی ئەم شوێنە و گوڵزارەکانی سەرتاسەری ئێران، بڵێسەی بزووتنەوەی دادخوازییان بە گەشاوەیی هێشتەوە و بزووتنەوەیەکی پڕ لە شانازییان بۆ دادخوازی و دادپەروەری وەڕێ خست کە هێشتاش بەردەوامە و کۆڵ نادات. بزووتنەوەیەک کە بنەماڵەی هەزاران گیانبەختکردووی ڕاپەڕینەکانی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨، شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە ١٤٠١ و سەرەنجام ڕاپەڕینی بەفرانباری ١٤٠٤یشی پێوە زیاد بووە

ئەم ڕژیمە تەنانەت لە ماوەی جەنگی شەش مانگی ڕابردووشدا، "دوژمنی ناوخۆیی" لەبیر نەکردووە و ڕۆژێک نییە یەک یان چەند زیندانییەکی سیاسی ڕادەستی پەتی سێدارە نەکات. بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، زیاتر لە پەنجا زیندانی سیاسی، عەقیدەتی و "ئەمنییەتی" لە ماوەی شەڕی ئەم دواییەدا لەسێدارە دراون و زیاتر لە شەست کەسیش لە نۆرەی لەسێدارەدان دان. ئەم تاوانانە سەرباری هەوڵەکانی ئەم دواییەی مەجلیس بۆ توندترکردنی سەرکوت و پێناسەکردنەوەی سیخوڕی و ... جارێکی دیکە نیشانی دا کە ئەم ڕژیمە، هێشتا زۆرینەی ئەو خەڵکەی کە تامەزرۆی ئازادی، یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتین و داوای ڕاگرتنی شەڕ و نەهامەتی دەکەن، بە دوژمنی ژمارە یەکی خۆی دەزانێت، هەر بۆیە پاشماوەی هەموو ئیمکاناتەکانی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی لە ئەگەری گەشەی خێرای بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانە مەزنە نوێیەکاندا، خۆی لە گێژاوی ڕووخان دەرباز بکات. ئەم ڕژیمە هەروەک شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق، شەڕە کۆنەپەرستانەکەی ئێستاش بە نیعمەت و هەلێک دەزانێت بۆ ئەوەی پایە سستەکانی کە بەهۆی ڕاپەڕینەکانی پێشووەوە کەوتوونەتە لەرزین، نۆژەن بکاتەوە

ڕژیم لە خەونی گەڕانەوەی "خودای دەیەی شەست"دایە، خەیاڵێکی خاو کە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵگادا یەک ناگرێتەوە. نەک لەبەر ئەوەی توانای سەربڕین و کوشتاری نییە، بەڵکوو لەبەر ئەم هۆکارە سادەیەی کە زۆرینەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران بڕیار نییە دەست لە خۆڕاگری و خەبات هەڵبگرن. هەر ئێستا هەموو مانگێک شایەدی دەیان مانگرتن، کۆبوونەوە و جووڵەی نارەزایەتیی کرێکاران، خانەنشینان، پەرستاران، مامۆستایان، ماڵخوراوەکان و توێژەکانی دیکەی گەلین. ژنانیش لە نافەرمانییەکی ملیۆنیی درەوشاوەدا، بە کردەوە حیجابی زۆرەملێی ڕژیمیان لە گۆڕەپانی زۆربەی شارەکاندا کردووەتە گاڵتەجاڕ و نیازی پاشەکشەیان نییە

لەم نێوەندەدا، ئیمپریالیزمی ئەمریکا، زایۆنیزمی ئیسرائیل و ڕەوتە ئۆلترا‌ڕاسترەو و شەڕخوازەکانی وەک پاشایەتیخوازەکان، بە یارمەتی میدیا گەورە چەند سەد ملیۆن دۆلارییەکان، لەسەر نارەزایەتی و تووڕەیی ڕەوای خەڵکی ئێران لەم ڕژیمە قەیرانخولقێن و قەیرانژییە حساب دەکەن. بەڵام زۆرینەی کرێکاران و خەڵکی ئێران، سەرەڕای بێزارییان لە ڕژیمی ئیسلامی و تامەزرۆییان بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕژیمە، ئامادە نەبوون خۆیان بخەنە خزمەت تەماعکاری و مەرامی جەنگی و کۆنەپەرستانەی ئەمریکا و ئیسرائیل و ئۆپۆزسیۆنی ڕاسترەوەوە. هەر بۆیە هاوکات لەگەڵ خەبات دژی ڕژیمی دیکتاتۆری و سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی، داواکاری ڕاگرتنی تەواوەتی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیەن کە خەریکە گیان، بژێوی و تەندروستییان تاڵان دەکات

لەم قۆناغە هەستیار وتاقەت پڕوکێنەرەدا، بێگومان جێگەی ئازیزە گیانبەختکردوو و گیانفیداکانمان خاڵییە. جێگەی هەزاران کادر و هەڵسوڕاوی ئازادیخواز و سۆسیالیست کە خەونیان بە ڕزگاری مرۆڤەوە دەدیت و لەپێناویدا گیانی ئازیزیان فیدا کرد. بەڵام ئێمە دەڵێین: نا جێگاکان بەتاڵ نییە، جێگەی



ئێوە هەزاران تێکۆشەری نوێ پڕیان کردووەتەوە و نیازی وەستانیان نییە

لەم نێوەندەدا، پاشایەتیخوازە توندڕەوەکان، بەئاشکرا بۆ کۆمەڵکوژیی هەزاران کۆمۆنیست و نەیار چەپڵە لێدەدەن و شایی دەگێڕن، لە تێڕوانینی ئەوانەوە، تێکۆشەرە گیانبەختکردووەکان، بوونەتە قوربانی شەڕێکی "نێومالّیّ": واتە "شەڕی پەنجاوحەوتییەکان" کە ئێرانیان لە "بەهەشتی ئاریامێهری"یەوە بۆ "دۆزەخی ئاخوندی" گواستووەتەوە. ئەوان هەر لە ئێستاوە بە هەڵکردنی ئاڵای ساواک و وەڕێخستنی ڕێپێوانە فاشیستییەکان و هەڕەشەکردن لە نەیارانی حکومەتی بنەماڵەیی و گەڕانەوەی دیکتاتۆریی پاشایەتی، خۆیان بۆ قەسابخانەی سبەینێ ئامادە دەکەن. ئەوان هەروەکوو دڕندەکانی ئیسلامی سیاسی، کێشەیان لەگەڵ پرەنسیپی سەرکوت و کۆمەڵکوژی و ئەشکەنجەدا نییە، بەڵکوو کێشەیان لەسەر ئەوەیە کێ و کام حکومەت جێبەجێی بکات و کێ کلیلی زیندان و سیاچاڵەکانی بەدەستەوە بێت

بەڵام ئێمە ئەمجارە بڕیار نییە بگەڕێینەوە دواوە، یان بە واتایەکی باشتر، هەوڵ دەدەین نەگەڕێینەوە. ئێمە لە پاڵ ئەو جەماوەرەی تامەزرۆی ڕزگاری و ئازادی و یەکسانین، نەک هەر دەمانەوێت بیساتی لەسێدارەدان و ئەشکەنجە و زیندانی سیاسی بۆ هەمیشە تێک هەڵپێچینەوە، بەڵکوو بە بەرگریکردن لە ئازادییە بێمەرجەکانی بیروڕا، ڕادەربڕین، ڕێکخراوبوون و کۆبوونەوە، لەپێناو دامەزراندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کۆتاییهێنان بە نایەکسانییە چینایەتییەکانی نێو سیستەمی سەرمایەداری، کۆمەڵگایەک بونیاد بنێین کە بەدوور بێت لە هەر جۆرە ستەم و هەڵاواردنێک. بێگومان لەم ڕێگایەدا ڕووبەڕووی کۆسپ و دژواری گەورە دەبینەوە، بەڵام هیچ ڕێگەیەکمان جگە لە زاڵبوون بەسەریاندا نییە. نابێت بهێڵین خوێنی دەیان هەزار ئازیزی گیانبەختکردوو بەفیڕۆ بچێت

لە ساڵهاتی ئەو کۆمەڵکوژییە گەورانەدا، ئێمە داوا لە سەرجەم هەڵسوڕاوانی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان و هەروەها گشت چالاکانی بزووتنەوەی دادخوازی و ئازادیخوازی دەکەین کە بە ڕێکخستنی مەراسیمی یادکردنەوە و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی سەرشەقام و هەڵمەتە سەرتاسەرییەکان دژی لەسێدارەدان و بۆ ڕزگارکردنی گیانی زیندانییانی سیاسی، یاد و ڕێبازی ئەو ئازیزانە بەرز ڕابگرن

**بەرز و پیرۆز بێت یادی ئازیزی گیانبەختکردووانی دەیەی شەست و سەرجەم گیانفیدایان**

**ئەشکەنجە و لەسێدارەدان دەبێت هەڵوەشێتەوە، زیندانی سیاسی ئازاد بکرێت**

**بڕووخێت ڕژیمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

خەرمانانی ١٤٠٥ – ئاگۆستی ٢٠٢٦

***

# کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا؛ ئەزموونێک کە دەبێ دەرسی لێ وەربگرین

سەرەنجام لە درێژەی ڕێککەوتننامەی ١٨ی ژانویەی ٢٠٢٦دا، کە لەژێر گوشاری دەوڵەتانی ئەمریکا و تورکیادا بەسەر فەرماندەی "هێزەکانی سووریای دیموکرات"دا سەپێندرا، مەزڵووم عەبدی لە ڕۆژ ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٦دا هەڵوەشانەوەی ئەم هێزانە و ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوای ڕاگەیاند. ناوبراو پێداگری لەوە کرد کە سەرجەم دامەزراوە سەربازی و مەدەنییەکانی سەر بە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی کوردستانی سووریا بەتەواوی لەنێو دامودەزگاکانی دەوڵەتی سووریادا تێکەڵ کراون. مەزڵووم عەبدی پاش کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەحمەد شەرع، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە کۆشکی سەرۆک کۆمار لە دیمەشق ڕایگەیاند کە هێزەکانی سووریای دیموکرات پرۆسەی تێکەڵبوون لەگەڵ سوپای سووریایان کۆتایی پێ هێناوە و چیتر وەک هێزێکی سەربەخۆ چالاکی ناکەن و بە بەرپرسیارێتی تەواوەوە، هەڵوەشانەوەی ئەم هێزە وەک هێزێکی سەربەخۆی سەربازی ڕادەگەیەنین. ئەو وتیشی: "ئێمە دەمانەوێت سووریایەکی نوێ و یەکگرتوو بونیاد بنێین". فەرماندەی پێشووی هێزەکانی سووریای دیموکرات و ڕاوێژکاری ئێستای ئەحمەد شەرع، ئەم گۆڕانکارییەی وەک "تێپەڕین لە سەردەمی چەکەوە بۆ سەردەمی ئاشتی" و هەنگاونان "لە مەیدانی جەنگەوە بۆ مەیدانی ئاوەدانی" وەسف کرد

بەڵام مەزڵووم عەبدی بە هەر دەستەواژەیەک باس لەم گۆڕانکارییە بکات، لە ڕوانگەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وشیار و چاودێرە سیاسییە واقیعبینەکانەوە کە لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا لە نزیکەوە بەدواداچوونیان بۆ پێشهاتەکانی کوردستانی سووریا کردووە، هەڵوەشانەوەی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی کوردستانی سووریا و ئەو هێزە چەکدارەی کە پارێزگاری لە دەستکەوتە دیموکراتیکەکانی دەکرد لە بەرامبەر گرووپە تیرۆریستە جیهادی و ئیسلامییەکاندا، وەک شکستێکی ئاشکرا و کۆتاییهاتنی تەمەنی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا لێک دەدرێتەوە

کوردستانی سووریا، کە یەکێک لە ناوەندەکانی خەبات دژی ستەمگەری دەوڵەتی ناوەندی بوو، نزیکەی ١٥ ساڵ لەمەوبەر بەشداری لە ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی سووریادا کرد دژی دیکتاتۆریی ڕژیمی بەشار ئەسەد و بۆ کۆتاییهێنان بە هەڵاواردن و بێمافییەکان. ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی سووریا بەهۆی سەرکوتکردنی خوێناوی و دەستتێوەردانی حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە پەراوێز خرا و سووریا بوو بە مەیدانی شەڕی ناوخۆیی و تەڕاتێنی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان بە فەرمانی حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە. ئەم دۆخە لە کوردستان، بە ڕۆڵگێڕانی پارتی یەکێتیی دیموکرات (پەیەدە) و لەسەر زەمینەی بزووتنەوەیەکی جەماوەری و لە دەرەنجامی ئەو بۆشاییە سیاسی و کارگێڕییەی کە لە جەرگەی شەڕی ڕوو لە هەڵکشانی ناوخۆیی لەم ناوچەیەدا هاتە ئاراوە، زەمینەی ساز کرد بۆ بونیادنانی پێکهاتەکانی خۆبەڕێوەبەریی خەڵکی ئەم ناوچەیە. ئەم دامەزراوە و ئەنجومەنە خۆبەڕێوەبەرییانەی کە لە گوند، شارۆچکە و شارەکانی کوردستانی سووریا پێکهاتبوون، لە بۆشایی دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی دەوڵەتی ناوەندیدا، حاکمییەت، بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی کانتۆنەکان و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان گرتە دەست. ئەوان بە بەشدارپێکردنی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، دابینکردنی پێداویستییەکانی پێکەوەژیانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لەسەر بنەمای بەڕەسمیناسینی مافە مرۆییەکان و مافی یەکسان بۆ ژنان و جیاکردنەوەی ئایین لە دامودەزگاکانی حکوومەت، ئەزموونێکی گرانبەهایان لە سەردەمی جەنگ و بەرخۆدان لە بەرامبەر گرووپە چەکدارەکانی کۆنەپەرستی ئیسلامیدا تاقی کردەوە

لەو هەلومەرجەدا، ئەوەی کە هێزە پێکهێنەرەکانی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەر، توانییان خەڵکی کوردستانی سووریا لەژێر مەنگەنە و دەرەنجامە کارەساتبار و خوێناوییەکانی شەڕی کۆنەپەرستانەی هێزەکانی دەوڵەت و بەرەی کۆنەپەرستی ئۆپۆزیسیۆن دەربهێنن، و بە پشتبەستن بە هێزێکی چەکداری جەماوەری و یەکینەکانی پاراستنی ژن و پاراستنی گەل لە بەرامبەر هێرشی یەک لەدوای یەکی هێزەکانی داعش و داگیرکاریی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا لەم ناوچەیە و ئەو مەترسییانەی هەڕەشەیان لەم ئەزموونە دەکرد، بەرخۆدانێکی جەماوەری ڕێک بخەن، دەستکەوتێکی گرنگ و حاشاهەڵنەگر بوو. دەوڵەتی تورکیا لە مانگی مارسی ٢٠١٨دا و بە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕووسیا، کانتۆنی عەفرینی داگیر کرد. بەڵام سەرەڕای داگیرکاری و تاوانە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیا، ئەم بزووتنەوەیە بە سەرنجدان بەو پێگەیەی کە بەدەستی هێنابوو، بوو بە هێزێکی گرنگ لە پێشهاتەکانی سووریا و هاوکێشەکانی ناوچەکەدا

سەرەڕای ئەمەش، ئەم پێگە هەستیار و ناسەقامگیرە بەتوندی کەوتە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستی و "کتوپڕەکەی" حەماس و چەند گرووپێکی میلیشیای فەلەستینی دیکە لە بۆ سە ر هیزە داگیرکە رە کانی ئیسرائیل و بەدوای ئەوەشدا دەستپێکردنی شەپۆلێکی نوێ لە جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل دژ بە خەڵکی فەلەستین لە غەززە بە پشتیوانیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئەورووپا، کێشرانی پانتایی شەڕ بۆ لوبنان و ئەو گورزانەی بەر حیزبوڵڵا کەوتن، بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکانی سوپای ئیسرائیل لە سووریا و فراوانبوونی ناوچە داگیرکراوەکان دوای ڕووخانی دەوڵەتی بەشار ئەسەد و...، سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا و هەڵوێستە ستراتیژییەکانی دەوڵەتی تورکیا لە بەرامبەر ئەم پێشهاتانە، بزووتنەوەی کوردستانی سووریای خستە ناو دۆخێکی تەواو نوێوە. بە ڕووخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سووریا کە بەپێی نەخشەی دەوڵەتی ئەردۆغان و بە هاوکاریی ئەمریکا

ئەنجام درا، بزووتنەوەی ڕۆژئاوا کە ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی لەگەڵیدا وەک ئامرازێک لە شەڕی دژی داعش و لەپێناو ئامانجەکانی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرت، گرنگیی خۆی لەدەست دا و جێگیرکردنی ئەو حکوومەتە تازەپێگەیشتووەی دیمەشق بوو بە ئەولەوییەتی سیاسەتی ئەمریکا. دەوڵەتی تورکیا و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەردۆغان و باخچەلی ڕێبەری پارتی فاشیستی "بزووتنەوەی نەتەوەیی"، لە درێژەی پەرەپێدانی سیاسەتی سەرکوتگەرانە لە ناوخۆی تورکیا و دەستتێوەردانە سەربازی و سیاسەتی پاوانخوازانە لە سووریا و کوردستانی عێراق، بە دەستپێشخەریی خۆیان پلانی ئەمنیی "تورکیای بێ تیرۆر"یان خستە گەڕ. پاش چەند دیدار و گفتوگۆی شاندی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەلان (دەم پارتی) لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانی دوورگەی ئیمراڵی و گفتوگۆی ئەم شاندە لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی دیکەی تورکیا و هاتووچۆی شاندەکان بۆ قەندیل و هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی عێراق، سەرەنجام عەبدوڵڵا ئۆجەلان هاوڕایی خۆی لەگەڵ پلانی ئەمنیی دەوڵەتی تورکیا، لەژێر ناوی گەڵاڵەی "ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک" ڕاگەیاند. ئۆجەلان لەو پەیامەدا نەک تەنیا داوای لە پەکەکە کرد کە چەک دابنێت، بەڵکوو داوای کرد کۆنگرە ببەستێت و هەڵوەشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێت. لە ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا و داهێنەرانی ئەم پرۆژەیەوە، چەککردنی ڕۆژئاوا و هەڵوەشانەوەی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری لەم ناوچەیەدا بەشێکی دانەبڕاو بوو لەم ستراتیژییە ئەمنییە. ئەم پلانە، هەروەک چۆن لە خاڵەکانییەوە دیارە، هیچ پەیوەندییەکی بە ڕەوتی "دیموکراتیزەکردن" لە تورکیا یان سووریا و دەستەبەرکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستانەوە نییە. ئەم پلانە لە خزمەت بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکانی دەوڵەتی تورکیادایە و بەشێکە لە ستراتیژییەکی سیاسی و ئەمنیی پێشگیرانە لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ستراتیژیی دەوڵەتی ناتانیاهۆ بۆ داڕشتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی نوێ لەژێر هەژموونی ئیسرائیلدا کە بە فراوانکردنی پانتایی شەڕی غەززە بۆ لوبنان و سووریا پەردەی لەسەر لادرابوو. دەوڵەتی تورکیا بەم ستراتیژییە بەرپەرچدەرەوەیە ویستی هەر جۆرە هەوڵێکی ئەگەریی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ بەکارهێنانی پرسی کورد وەک ئامرازێک لە تورکیا و سووریا لەپێناو پێشخستنی ستراتیژیی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خستنە ژێر گوشاری دەوڵەتی تورکیا، هەر لە سەرەتاوە لەبار ببات. لە ڕاستیدا ئەوەی ئۆجەلان و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا لەگەڵی هاوڕان، ڕەوتی دیموکراتیزەکردن نییە لە تورکیا و سووریا، بەڵکوو هاوڕاییە لەگەڵ ستراتیژیی ئەمنیی دەوڵەتی تورکیا بۆ بەرپەرچدانەوەی گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دڵخوازی دەوڵەتی ئیسرائیل

ئەگەرچی مەزڵووم عەبدی بەشداریکردن لەم ستراتیژییە ئەمنییە وەک تێپەڕین لە سەردەمی چەکەوە بۆ سەردەمی ئاشتی و ئاوەدانی ناو دەبات، بەڵام لە واقیعدا لەژێر دەسەڵاتی ئیسلامی ئەحمەد شەرعدا، کە تەواوی جومگەکانی دەسەڵاتی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردنی بۆ ماوەی پێنج ساڵ خستووەتە ژێر چنگی خۆی و کەسە نزیکەکانی لە دەستەی تەحریر شام، هیچ هەواڵێک لە ئاشتی و ئاوەدانی نابێت. بەپێی دەستووری نوێ، ئایینی ئیسلام وەک ئایینی فەرمیی کۆماری سووریا دیاری کراوە و سەرچاوەی سەرەکیی یاسادانان لە سووریا فیقهی ئیسلامییە. لە ڕاستیدا، سەرجەم ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان، ئازادی ڕادەربڕین و بیروباوەڕ و ڕۆژنامەگەری و مافەکانی ژنان و مافی خاوەندارێتی و بەشدارییان لە کار و خوێندن و گۆڕەپانە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لە چوارچێوەی بەرتەسک و تاریکی یاساکانی فیقهی ئیسلامیدا کۆت و بەند کراون. لەگەڵ ئەم دەستوورە ئیسلامییەدا، دڵخۆشکردن بە ڕەچاوکردنی مافی هاووڵاتیبوونی خەڵکی کوردستان و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دیکە و خەڵکی سووریا لە چوارچێوەی دەستوورێکدا کە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک هیچ ڕۆڵێکیان لە داڕشتنیدا نەبووە، تەنیا وەهم و خەیاڵە و هیچی تر. ڕوونە کە ڕێککەوتن لەسەر هەڵوەشانەوە و تێکەڵکردنی دامەزراوە جەماوەری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کە تا پێش ئەم پێشهاتانە لەسەر بنەمای پەیماننامەیەکی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتنخوازانە کۆمەڵگەیان بەڕێوە دەبرد، تا چ ڕادەیەک لە دژایەتیدایە لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و خەڵکی سەرانسەری سووریا. ئاشکرایە تێکەڵکردنی ئەو هێزە چەکدارانەی کە تا دوێنێ پارێزگارییان لەم دەستکەوتە پێشکەوتنخواز و دیموکراتیکانە دەکرد، لەنێو سوپایەکدا کە پێکهاتەی فەرماندەیی و زۆرینەی هێزەکانی لە جیهادییەکانی سەر بە تەحریر شام و بەشەکەی تریشی لە میلیشیا بەکرێگیراوەکانی سەر بە تورکیا و پاشماوەکانی سوپای سووریا پێکهاتووە، تا چ ڕادەیەک دەتوانێت مژدەبەخشی ئاشتی و ئاوەدانی بێت. بۆیە نابێت هیچ گومانێک لەوەدا هەبێت کە بە هەڵوەشانەوەی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی کوردستانی سووریا و هێزەکانی سووریای دیموکرات، تەواوی دەستکەوتەکانی ئەم ئەزموونە یەک لەدوای یەک کەوتوونەتە بەر شاڵاو و مەترسیی لێسەندنەوە. نادیدەگرتن و حاشاکردن لەم ڕاستییانەی پەیوەستن بە چارەنووسی بزووتنەوەی ڕۆژئاواوە و بچووککردنەوەی پرسی کورد لە پرسێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ناوچەییەوە بۆ تەنیا بەهرەمەندبوون لە مافی خوێندن بە زمانی کوردی، بە واتای خۆڵکردنە چاوی خەڵکە

بێگومان لە مێژووی خەباتی هەر بزووتنەوەیەکی هەقخوازانەدا ئەگەری ئەوە هەیە کە لەژێر کاریگەری و گوشاری واقیع و فاکتەرە ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکاندا، پاشەکشە یان تەنانەت شکستیش ببێتە شتێکی حەتمی و حاشاهەڵنەگر؛ لەم ساتانەدا ئەوەی گرنگە گوتنی ڕاستییەکان و بەزیندوو ڕاگرتنی هیوایە بە گۆڕانکاری و ڕێگریکردنە لە بڵاوبوونەوەی بێئومێدی و سەرلێشێواوی و ڕۆحییەی تەسلیمتەڵەبی (خۆبەدەستەوەدان) لە نێو خەڵکدا. هەروەک چۆن پاش هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران، دژەشۆڕشی ئیسلامی بە هێرشی سەربازی یەک لەدوای یەک و ئەو تاوانانەی کە ئەنجامی دان، سەرەنجام توانی بە میلیتاریزەکردنی تەواوەتی کوردستان، بزووتنەوەی بەرخۆدانی خەڵکی کوردستان تێکبشکێنێت، بەڵام سەرەڕای ئەم شکستە، خەڵکی کوردستان هەرگیز سەری بۆ تەسلیمبوونیان دانەنواند و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان لە فۆڕم و شێوەی جیاوازدا درێژەی بە ژیانی خۆی دا و هێشتاش وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکیی پێشهاتە سیاسییەکانی ئێران لە گۆڕەپانەکەدا ئامادەیە. بەڵام ئەوەی لە کوردستانی سووریا دەیبینین ئەوەیە کە سەرکردایەتیی ئەم بزووتنەوەیە هەڵوەشانەوەی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا و هەڵوەشانەوە و تێکەڵکردنی هێزی چەکداری پارێزەری ئەم ئەزموونە لەنێو پێکهاتەیەکی سیاسی و سەربازیی کۆنەپەرستدا، و ئەم پاشەکشە و شکستە وەک دەستپێکی سەردەمی ئاشتی و ئاوەدانی نیشان دەدات. ئەم چەواشەکردنەی ڕاستییەکان بە ویستی خۆ بێت یان نا، هیچ بەرهەمێکی نابێت جگە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆحییەی تەسلیمتەڵەبی لە نێو خەڵکدا. بەڵام ئەم ڕوانگەیە و نیشاندانی هەڵوەشانەوە و لکاندنی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی خەڵکی کوردستان بە پێکهاتەی سیاسی و سەربازیی حکوومەتی ئیسلامی ئەحمەد شەرعەوە وەک "دەستپێکی سەردەمی ئاشتی و ئاوەدانی"، و ناساندنی پرۆژەیاسای ئەمنیی "تورکیای بێ تیرۆر"ی ئەردۆغان و باخچەلی وەک پرۆژەی "ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک"، ڕەگ و ڕیشەی لە تیۆریی کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتیکی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندایە

بەپێی تیۆری کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتیکی ئۆجەلان، بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و بەدەسەڵاتگەیشتنی دامەزراوە جەماوەرییەکان لە خوارەوە، پێویست و زەروور نییە کە دەوڵەتی سەرمایەداری کە بەپێی سروشتە چینایەتییەکەی خۆی دژە دیموکراتیکە و بۆ پاراستنی هەژموونی خۆی ستەمکارانە مامەڵە دەکات، بڕووخێنرێت. لەم تیۆرییەدا، ستراتیژیی خەبات بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتە بۆرژواییەکان هیچ



پێگەیەکی نییە و لە بەرامبەردا، پێکەوەژیان لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە و هەوڵدان بۆ چاکسازی و سەرلەنوێ دارشتنەوەیان گرنگییەکی ستراتیژیک پەیدا دەکات. بەپێی ئەم تیۆرییە، بە کاری ڕۆشنگەری دەتوانرێت کۆمەڵگە سەبارەت بە هەژموونخوازی و زیانەکانی دەوڵەت وشیار بکرێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە خەڵک سەبارەت بە خاڵە بەهێزەکانی دیموکراسیی کۆنفیدراڵی تێبگەیەنرێت و بە دروستکردن و پەرەپێدانی دامەزراوە دیموکراتیکەکان لە کۆمەڵگەدا، دەوڵەت و دامەزراوە دەوڵەتییەکان بخرێنە دۆخێکەوە کە بەرەو دارمان و لەناوچوون بڕۆن. لەسەر بنەمای ئەم تیۆرییە، دەتوانرێت لەژێر سایەی حکوومەتە ئیسلامییەکانی ئەردۆغان و باخچەلی و ئەحمەد شەرع لە تورکیا و سووریا، کۆمەڵگەی دیموکراتیک، ئیکۆلۆژیک، خۆبەڕێوەبەر و خاڵی لە پیاوسالاری بونیاد بنرێن، لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی دەسەڵات کە سەرچاوەگرتوون لە خاوەندارێتیی سەرمایەدارانە و دابەشبوونی چینایەتیی کۆمەڵگە وەک خۆیان بە دەستلێنەدراوی ماونەتەوە

ناوەرۆکی سەرەکی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە تیۆریی کۆنفیدڕالیزمی ئۆجەلان ئەوە نییە کە گوایە دیموکراسیی خۆجێیی، یەکسانیی ژنان، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پیاوسالاری یان خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی بیرۆکەی باش نین، بەڵکوو کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە لەم ڕوانگەیەدا پێگەی چین، خاوەندارێتیی تایبەت و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و لە کۆتاییشدا ماهییەتی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەت وەک بەرهەمی ئاشتیهەڵنەگری خەباتی چینایەتی، لەبەرچاو ناگیرێن. یان بۆ نموونە پیاوسالاری ناتوانرێت بە پێکهێنانی ئەنجومەنە خۆجێییەکان لەناو ببرێت، بەڵکوو دەبێ ئەوە نیشان بدرێت کە پیاوسالاری چۆن گرێ دراوە بە دابەشکاریی کار، خێزان، خاوەندارێتی، بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتییەوە، هەر بۆیە بۆ بنەبڕکردنی پیاوسالاری دەبێ ڕیشەکان بکرێنە ئامانج. لەم تیۆرییەدا بەردەوام باس لە گرنگیی چەمکی کۆمەڵگە دەکرێت و باس لەوە دەکرێت کە کۆمەڵگە دەبێ خۆی ڕێک بخات و لە بەرامبەر دەوڵەت و سەرمایەداریدا ببێت بە خۆبەڕێوەبەر و سەربەخۆ. لە بەرامبەر ئەم شێواوییە فیکرییەدا، سۆسیالیستەکان دەپرسن کام کۆمەڵگا؟ کۆمەڵگەی سەرمایەداری یەکپارچە نییە؛ کرێکار، سەرمایەدار، وردەبۆرژوا، بەڕێوەبەرە باڵاکانی بیرۆکراسی و خاوەن زەوییەکان بەرژەوەندیی جیاواز و بگرە دژبەیەکیان هەیە. بۆیە ئەگەر بڵێین کۆمەڵگا با خۆی بەڕێوە ببات، دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارەش بدەینەوە کە کام چینی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوەیە. هەر بۆیە چەمکی کۆمەڵگا ناتوانێت جێگەی چەمکی چین بگرێتەوە

بەم هەموو پرسیارانەوە، ئەگەر ئۆجەلان پلانی ئەمنیی تورکیای بێ تیرۆری دەوڵەتی ئەردۆغان لەژێر ناوی پرۆسەی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک بە خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان دەناسێنێت، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕۆژئاواش هەر لەژێر کاریگەریی هەمان ڕێگای چەوتی کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتیکدایە کە شکستی ئەم ئەزموونە و هەڵوێستە تەسلیمتەڵەبانەکانی خۆی لە بەرامبەر حکوومەتی سەرمایەداری ئیسلامی ئەحمەد شەرعدا، لەژێر ناوی دەستپێکی سەردەمی ئاشتی و ئاوەدانی بەسەر ڕای گشتیدا دەسەپێنێت

ئەزموونی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا و ئەو چارەنووسەی تووشی بوو، جارێکی دیکە نیشانی دا کە ستراتیژی و نەخشەڕێگای حیزب و هێزە ناسیۆنالیستەکان، ئەگەرچی دەتوانێت چینی سەرمایەدار و چینە دەوڵەمەند و خاوەندارەکانی کوردستان لە دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریدا بەشدار بکات، بەڵام ناتوانێت کۆتایی بە ستەمگەریی نەتەوەیی و هەڵاواردن و نایەکسانییەکان لەم بوارەدا بهێنێت. بە سەرنجدان بە گۆڕانکارییەکانی ئابووریی سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە، دەمێکە توانای مێژوویی چینی سەرمایەدار و بەدوای ئەوەشدا ئەو حیزب و هێزانەی نوێنەرایەتیی چینە خاوەندارەکان دەکەن لە خەبات بۆ چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی و هەر گۆڕانکارییەکی دیموکراتیک لە کۆمەڵگەدا کۆتایی هاتووە. دەرهێنانی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لەژێر هەژموونی ئەو ستراتیژییە سیاسی و لاڕێیەی کە حیزب و هێزە ناسیۆنالیستەکان گرتوویانەتە بەر، بووەتە زەروورەتێکی سیاسی و خەباتکارانە. کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی و بەدیهێنانی داخوازییە دیموکراتیکەکانی دیکە لە کۆمەڵگەدا کەوتووەتە سەر شانی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیستیی ئەم چینە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی کارکەر و ستەملێکراو، کە زیاتر لە توێژەکانی سەرەوە بەدەست ستەمگەرییەکان و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، لەوانە ستەمگەریی نەتەوەییەوە دەناڵێنن، هێزی بزوێنەری سەرەکین لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا بۆ کۆتاییهێنان بەم ستەمکارییانە. پێویستە ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە لە کوردستانی سووریا، بە هەڵسەنگاندن و کۆبەندکردنی ئەزموونەکانی تا ئێستای و بە پشتبەستن بە دەستکەوتەکانی، سەربەخۆ لە پرۆسەی توانەوە لەناو پێکهاتەی کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتدار و لە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوە پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان لە سەرتاسەری سووریا، خەباتی خۆی بەرەو پێش ببات. کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ڕەوتی خەبات بۆ باشترکردنی هەلومەرجی کار و ژیانیان و خەبات دژی هەڵاواردن و نایەکسانییەکان و بە ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیان، دەتوانن ببنە ئامرازێکی گوشاری سیاسی بەهێز بۆ ئاڵنگاری و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی حکوومەتی سەرمایەداریی ئیسلامی سووریا

هەروەها ئەم ئەزموونە جارێکی دیکە نیشانی دا کە چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی نەک لە شارەکانی کوردستان، بەڵکوو لە ناوەندی دەسەڵات لە دیمەشق دیاری دەکرێت. لەم ڕووەوە، گرێدران و هاوپشتیی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانی سووریا لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشکەوتنخواز و نارەزایەتییەکانی دیکە و لەگەڵ مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان لە سەرتاسەری سووریادا گرنگییەکی چارەنووسسازی هەیە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی ئێرانیش تەنها لە ڕێگەی پەیوەندی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتی، نارەزایەتی و ئازادیخوازەکان لە سەرانسەری ئێراندا دەتوانێت پێشڕەوی و سەرکەوتنی خۆی مسۆگەر بکات

❊❊❊

## یادێک لە سێ سیمای هەمیشە زیندووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران، هاوڕێیان فواد و سدیق و غوڵام

ڕۆژانی چوارەم، نۆهەم و سێزدەهەمی مانگی خەرمانان، وەبیرهێنەرەوەی سێ ڕووداوی گرینگە لە ژیانی سیاسی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا. لەم ڕۆژانەدا، جەریانی ئێمە، سێ کەس لە ڕێبەرانی هەڵکەوتووی خۆی، فواد مستەفا سوڵتانی، سدیق کەمانگەر و غوڵام کەشاوەرزی لەدەستدا. ڕۆڵی سیاسی ئەوان لە پەنا زیاتر لە دوو هەزار و ٥٠٠ گیانبەختکردووی ڕیزەکانی ڕەوتی ئێمە، ژیانی سیاسی ئەوانی کردووەتە بەشێك لە مێژووی ئەم کۆمەڵگایە. با بە یادی هەموو ئەو ئازیزە گیانبەختکردووانە، بەکورتی چاوخشاندنێکمان بێت بەسەر ژیانی ئەم سێ سەرقافڵەیەی کاروانی گیانبەختکردووان

نۆی خەرمانان ساڵڕۆژی گیانبەختکردنی هاوڕێ، ڕێبەر و دامەزرێنەری کۆمەڵە، فواد مستەفا سوڵتانییە. ٤٧ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی نۆی خەرماناندا، هاوڕێ "فواد" کەسایەتیی ناسراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران، ڕێبەری خۆشەویستی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕێکخەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، لە دەرگیرییەکی نابەرابەردا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاوایی ”بەستام“ لە مەسیری جادەی سەقز - مەریوان، گیانی بەختکرد

هاوڕێ فواد مستەفا سۆڵتانی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە ئاوایی ئاڵمانەی سەربە شاری مەریوان، لەدایك بوو. خوێندنی سەرەتایی و قۆناغی دواناوەندی خۆی لە ئاڵمانە و سنە تەواو کرد. لە ساڵی ١٣٤٥ ڕۆیشتە زانکۆی سەنعەتی تاران و بڕوانامەی ئەندازیاریی بەرقی لەو زانکۆیە وەرگرت. لە سەردەمی خوێندنی لە زانکۆ لەگەڵ ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە و مارکسیستی ئاشنا بوو و هەر لەو پەیوەندەدا ڕووی کردە چالاکی سیاسی. لە ساڵی ١٣٤٨ لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوبیرانی، تەشکیلاتێکی دامەزراند کە دواتر ناوی کۆمەڵەی لەسەر داندرا. ساڵی ١٣٥٣ لە شاری سنە لە لایەن ساواکی شاوە دەستبەسەر کرا و بۆ زیندانی کۆمیتەی هاوبەشی ساواك و شارەبانی لە تاران ڕاگوێزرا. بۆ ماوەیەکی زۆر کەوتە ژێر ئازار و ئەشکەنجەوە، بەڵام نهێنیەکانی تەشکیلاتی بە سەربەرزیەوە پاراست. دوای سێ ساڵ لە زیندانی قەسر و تاران بۆ زیندانی سنە لە کوردستان ڕاگوێزرا و دوایین ساڵی بەندکرانی لەوێ تێپەڕاند. مانگرتن لە خواردنی ٢٤ ڕۆژەی بەندکراوان لە زیندانی سنە، کە بوو بەهۆی ئازادی ئەو و کۆمەڵێك بەندکراوی دیکە، بە هیمەتی کاك فواد ڕێکخرا و بەسەرکەوتن گەیشت. بەمجۆرە حزووری کۆمەڵایەتیی فواد، بە ڕێبەری کردنی نارەزایەتیی بەندکراوانی سیاسی، دەستپێکرد. ئەگەر تا پێش ئەوە، فواد ڕێبەر و ڕێکخەری خەباتی نهێنی بوو، لەمەبەدوا، لێهاتوویی و تواناکانی لە بواری خەباتی کۆمەڵایەتی یەك لەدوای یەك پشکووتن. کۆمەڵە، ئەو ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەی کە هاوڕێ فواد لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوسەنگەرانی، ٩ ساڵ پێشتری دایانمەزراندبوو،



لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوری خەڵکی ئێران دژ بە ڕژیمی شاه، خۆی ئاشکرا کرد. ناوی فواد مستەفا سوڵتانی و کۆمەڵە، لە ڕێبەریی خەباتی سەردەمی ڕاپەڕینی ١٣٥٧، لە بزووتنەوەی جەماوەری لە شاری سنە و پێکهێنانی شۆرای شار لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لە کۆچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوان، لە ڕێکخستنی یەکیەتی جووتیاران، لە ڕێپێوانی بەرینی جەماوەری لە سنەوە بۆ مەریوان، لە پێکهێنانی یەکەمین پۆلەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە، لە پێکهێنانی جەمعیەتە دیمۆکراتیکەکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و لە ڕێکخستنی موقاوەمەتی چەکدارانەی جەماوەری لە بەرامبەر هێرشی ڕژیم بۆسەر کوردستان، درەوشایەوە. فواد بۆ ئەو هەمووە کارە مێژووییە تەنیا ١١ مانگی دەرفەت هەبوو. لەگەڵ لەشکرکێشیی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨، هاوڕێ فواد دەستپێشخەری کاری ڕێکخستنی موقاوەمەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بوو کە ڕۆژی ٩ی خەرمانانی هەمان ساڵ لە نەبەرد لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی گیانی بەختکرد

پەیگیرکردنی بێ ڕاڕایی ئەوەی وا باوەڕی پێی بوو، لە خەسڵەتە بەرچاوەکانی کاک فواد بوو. لەو کاتەوە کە فواد هاتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسییەوە، لە زیندان و لە دەرەوەی زیندان، بۆ ساتێکیش ئۆقرەی نەگرت. ئەوەیکە کۆمەڵە لە ماوەیەکی کورتدا پاش ئاشکرا کردنی چالاکیەکانی لە ڕێکخراوێکی نهێنیەوە بوو بۆ ڕێکخراوێکی جەماوەری سەرتاسەری بە هەڵوێستی ڕادیکاڵ و پێشڕەو لە کوردستان و پانتایی چالاکیەکانی، تاران و تەورێز و چەند شاری دیکەی ئێرانیشی گرتەوە، تا ڕادەیەکی زۆر، بەهیمەتی ڕێبەری کاک فواد بوو. فواد ساتەکانی بە باشی دەناسی و لە قۆناغە هەستیارەکاندا بڕیاری درووست و بوێرانەی دەدا. بوێری کاک فواد سەرچاوەگرتوو لە باوەڕی قووڵی بە هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەر بوو. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە میحوەری ئەندێشە و کردەوەی "فواد"دا بوون و گروتینی شۆڕشگێڕانەی فواد، خۆی، هێمای خەباتی زەحمەتکێشان بۆ ڕزگاری بوو

کاتژمێر ٢ی بەرەبەیانیی ڕۆژی ١٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨، هاوڕێ سەدیق کەمانگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، لە حاڵێکدا کە خەریکی نووسینی وتارێک بۆ دەنگی شۆڕشی ئێران، ڕادیۆ کۆمەڵە بوو، لە کردەوەیەکی جەنایەتکارانەدا لە لایەن خائین و بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامی هێرشی کرایە سەر و گیانی بەخت کرد

هاوڕێ سدیق لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە ئاوایی ئافریانی سەربە شاری کامیاران لەدایك بوو. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تا دواناوەندیی لە کامیاران و کرماشان تێپەڕاند. لە ساڵی ١٣٤٤ ڕۆیشتە زانکۆی تاران و لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی بڕوانامەی کارناسی باڵای لە زانکۆی زانستە سیاسیەکان وەرگرت. لە ساڵەکانی دەیەی ١٣٥٠ی هەتاوی بەلەبەرچاوگرتنی ناکۆکیی نێوان جووتیاران و خەڵکی ئاوایی دارسەیرانی مەریوان لەگەڵ مالیك و فێئۆدالە کوردەکان، کە شکڵی خەباتی جەماوەری بەخۆی گرتبوو، هاوڕێ سدیق وەك پارێزەر، دیفاعی لە مافی جووتیاران کرد. هەروەها لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ٥٧ی هەتاوی بۆ پشتیوانی لە مانگرتن لەخواردنی بەندکراوانی سیاسی لە زیندانی سنە، یەکەمین کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر بینای دادگوستەری ئەمشارە ڕێکخست

سدیق کەمانگەر سیمای درەوشاوە و خەباتکاری بە ئەزموونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، یەکێك لە بەناوبانگترین و خۆشناوترین ڕێبەرانی جەماوەری خەڵك و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، ئاژیتاتۆر و وتەبێژی هەڵکەوتەی جەماوەری بوو. لە پتر لە چوار دەیە پێش گیان بەخت کردنیەوە، خەبات لە ڕێگای ڕزگاریی چینی کرێکاری کردبووە ئامانجی ژیانی خۆی و لەمەبەدوا ژیانی پڕلە هەڵسووڕانی لەگەڵ خەباتی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانە تێکهەڵکێشرا. دەستپێکی خەباتی ڕێکخراو، لەناو ڕێکخراوی نهێنی کۆمەڵە لە یەکەمین مانگەکانی دامەزرانییەوە، دەرکەوتن وەك ڕێبەری بزووتنەوەی جەماوەری لە سەردەمی شۆڕش دژبە ڕژیمی شا، بڵاوکردنەوەی چەندین بەیانیە وەك وتەبێژی ناوەندی پارێزەرانی ئێران، بوون بە ڕێبەر و وتەبێژی بەرەی ڕادیکاڵی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە بەرامبەر کۆنەپەرستانی مەحەلی و ئایینی لە جنوبی کوردستان، بوون بە ڕێبەری جەماوەری ڕاپەڕیو لە شاری سنە، پاشان درەوشانەوەی وەك زمانی ڕەوان و ئاگرینی خەڵکی ڕاپەڕیو دژبە ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی لە جەرەیانی نەورۆزی خوێناوی سنە و لە شۆرای شۆڕشگێڕی ئەمشارە، پێناسەکرانی لەگەڵ داخوازیی و بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی شار و گوند لە کوردستان، بەشداری کردن لە نەبەردی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان وەك فەرماندەی نیزامی، سەرپەرستی و بەرپوەبەریی دەنگی شۆڕشی ئێران، ڕادیۆ کۆمەڵە کە خۆی یەکێك لە نووسەران و تاربێژانی بەناوبانگی بوو، بەشداری کردن لە چالاکییە جۆراوجۆرە سیاسی و تەشکیلاتیەکان وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە، بەشێك لە کارنامەی سیاسی پڕباری هاوڕێ سدیق کەمانگەر پێکدێنن

هاوڕێ غوڵام کەشاوەرز، (بەهمەن جەوادی)، لە ساڵی ١٣٣٤ لە ئاوایی نارەکی سەربە شارستانی دووگۆنبەدان لە دایك بوو. لە تەمەنی تازەلاویدا لەگەڵ ئەدەبیاتی ناڕەزایەتی ئاشنا بوو و ڕووی کردە خەباتی سیاسی. پێکهێنانی کۆڕێك بەناوی "کردەوەی شۆڕشگێڕانە دژبە بارووداۆخی ئێستا" لە ساڵەکانی ٥٢ و ٥٣ی هەتاوی، یەکەمین هەنگاوەکانی هاوڕێ غوڵام بوو لە پێناو ئامانجە مەزنە کۆمۆنیستیەکان تا گەیشت بە بەشداری کردنی لە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. لە ساڵی ١٣٥٤ و هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی چوونی بۆ زانکۆی کشت و کاڵی کەرەج، جێگای خۆی لەناو کۆڕی خوێندکارانی شۆڕشگێڕ کردەوە. کۆمەڵێك چالاکیی سیاسی و بەشداری کردنی لە بەرێوەبردنی چەندین ناڕەزایەتی و مانگرتنی خوێندکاری کە دواییبان، بانگەوازی سەرکەوتووانەی خۆێندکاران بۆ پشتیوانی لە خواست و مانگرتنی کرێکارانی جەهان چیتی تاران لە مانگی گوڵانی ١٣٥٥ی هەتاویدا بوو و بەهۆیەوە دەستبەسەر و زیندانی کرا. هاوڕێ غوڵام کەشاوەرز لە زیندان گیانفیدایانە موقاوەمەتی کرد. بۆ ئەو کەسانەی کە لە بەندەکانی دەورووبەریەوە هاواری ئەویان دەبیست و ڕاکێشرانی جەستەی بریندار و بەئازاری ئەویان لە ڕاڕەوەکاندا هەست پێدەکرد، دەنگی "وتم کە نازانم"ی ئەو، متمانە بەخۆیی، هیوا، ورەی شۆڕشگێڕانە و توانای خۆڕاگریی چەند هێندە دەکرد

ساڵی ٥٧ لەگەڵ هەزاران بەندکراوی دیکە لە زیندان ئازاد بوو. وتار، تەبلیغ و بانگەشە لە کارخانەکان، لە زانکۆکان و لە شەقامە پڕ گرۆتینەکانی شۆڕش، ڕۆیشتن بۆ کارخانەکان، بەشداری کردن لە گرتنەوەی پادگانی عێشرەت ئاباد، پێکهێنانی کۆڕ و ناوەندی فێرکاری و تەبلیغ بۆ کرێکاران و لاوان. هاوڕێ غوڵام شەو و ڕۆژ هەوڵی دەدا. سەرەتاکانی زستانی ساڵی ٥٨ لەگەڵ گرووپێك لە هاوڕێ و هاوبیرانی بە "یەکیەتیی خەباتکارانی کۆمۆنیست" پەیوەست بوو. پاش زەربە لێکەوتن لە تەشکیلات و شوێنگرتنی پۆلیس، لە زستانی ساڵی ٦١ ڕووی لە ناوچە ئازادەکانی کوردستان کرد. لە خەرمانانی ساڵی ٦٢دا، لە ئەندامانی کۆنگرەی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو. پاش کۆنگرە، هاوڕێ غوڵام بە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب هەڵبژێردرا. لە ساڵەکانی دواییدا و تا کاتی گیانبەخت کردنی بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە ئاست ڕێبەریدا وەئەستۆ بوو و هاوکات لە خاوەن بۆچوونە جیدی و پەیگیرەکان بوو لە ئاستی ڕێبەریی حیزبدا. شەوی چوارەمی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، هاوڕێ غوڵام کشاوەرز، لە حاڵێکدا کە بۆ دیتنی کەس و کاری ڕۆیشتبووە قیبڕس، لە شاری لارناکا لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیەوە هێرشی کرایە سەر و کاتژمێرێك دواتر لە نەخۆشخانە گیانی بەخت کرد

وێڕای نوێ کردنەوەی پەیمانی وەفاداری لەگەڵ هەموو ئارمانە کۆمۆنیستی و ڕزگاری بەخشەکان، کە هاوڕێیان فواد و سدیق و غوڵام لە ڕەچەشکێنانی شێلگیری بوون، یادیان بەرز و بەڕێز ڕادەگرین

❋❋❋

# کۆمەڵکوژیی زیندانیان لە هاوینی ١٣٦٧
# لاپەڕەیەک لە مێژووی پڕ لە تاوانی حکوومەتی ئیسلامی

هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی وەبیرهێنەرەوەی یەکێک لەو تاوانە سامناک و دڕندانەیە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئەنجام دراوە. ٣٨ ساڵ لەمەوبەر و لە مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧دا، ڕژیمی ئیسلامی دەستی دایە تاوانێک کە هێشتاش ئاسەوار و بەڵگەکانی شایەتحاڵی زیندووی دڵڕەقی و دڕندەیی دەسەڵاتدارانی ئەم ڕژیمەن. خومەینی و ڕاوێژکارە سەرەکییەکانی وەک ڕەفسەنجانی، خامنەیی و ڕۆحانی، کە لە تەشەنەسەندنی ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران و خەڵکی ئێران پاش تێکشکانی زەبوونانەی ڕژیم لە شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان ئێران و عێراقدا دەترسان، بە ئامانجی تۆقاندنی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە شەڕ و نەهامەتی ئابووری، بەرنامەیان بۆ کۆمەڵکوژیی زیندانیان داڕشت. بە وتەی عەلی ڕازینی، سەرۆکی ئەوکاتی ڕێکخراوی دادوەریی هێزە چەکدارەکان، فەرمانی کۆمەڵکوژیی زیندانیان لە ساڵی ٦٧دا یەکێک بووە لە هەنگاوە گرنگەکانی خومەینی لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا، کە بە قسەی خۆی "ڕێڕەوی داهاتووی بزووتنەوەی حکوومەت"ی ڕوون کردووەتەوە. قەتلوعام و کۆمەڵکوژی بەرنامەبۆداڕێژراوی زیندانیانی سیاسی لە سیاچاڵەکانی ئێراندا، لە ڕۆژی هەینی ٢٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٧، واتە تەنیا یەک ڕۆژ پاش نۆشینی جامی ژەهر و قبووڵکردنی ئاگربەست لە شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق، و لەسەر فەرمانی خومەینی، ڕێبەری ڕژیمی ئیسلامی، دەستی پێ کرد. لەم ڕۆژەدا پەیوەندیی زیندانە سەرەکییەکانی ئێران لەگەڵ دەرەوەدا بەتەواوی پچڕا و لە ماوەی نزیکەی دوو مانگدا تاوانێک خوڵقا کە کۆمەڵگەی ئێرانی بۆ چەندین ساڵ نوقمی پەژارەیەکی مەرگبار کرد

لەسەر فەرمانی خومەینی، دەستەیەکی تایبەت کە دواتر بە "لێژنەی مەرگ" ناوی دەرکرد و پێکهاتبوو لە مورتەزا ئیشراقی (دادستانی ئەوکات)، ئیبراهیم ڕەئیسی (جێگری ئەوکاتی دادستان)، حوسێنعەلی نەییری (حاکمی شەرعی ئەوکات) و مستەفا پوورمحەممەدی (نوێنەری ئەوکاتی وەزارەتی ئیتلاعات لە زیندانی ئێڤین)، پێکهێنرا و بوونە بەرپرسی بەڕێوەبردنی پرۆژەی کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی. لەو ڕۆژانەدا، ماشێنی کوشتار و تاوانی ڕژیمی ئیسلامی هەزاران زیندانی بە ئاراستە و بیروباوەڕە جیاوازە سیاسییەکانەوە دایە دەست جوخەی مەرگ. مونتەزیری لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا بە پشتبەستن بەو ڕاپۆرتانەی پێی گەیشتبوو، ژمارەیانی لە نێوان ٢٨٠٠ بۆ ٣٨٠٠ کەس خەمڵاندووە، بەڵام بەپێی هەندێک ڕاپۆرتی دیکە، لەم تاوانە سامناکەدا ٥ بۆ ٦ هەزار مرۆڤی تێکۆشەر لەپێناو پێداگری لەسەر بیروباوەڕ و ئامانجەکانیان، گیانیان بەخت کرد. ڕژیم تەنیا پاش ٤ی سەرماوەزی هەمان ساڵ، بنەماڵەی قوربانییەکانی لە لەسێدارەدانی ڕۆڵەکانیان ئاگادار کردەوە و هەر پاش ئەم ڕێکەوتە بوو کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە ڕوودانی ئەم تاوانە دژەمرۆڤایەتییە لە زیندانەکانی ڕژیمی ئیسلامیدا ئاگادار بوونەوە. بەدوای ئەم تاوانەدا، ڕژیم هەزاران زیندانی لەسێدارەدراوی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی گۆڕستانی خاوەراندا شاردەوە، بەڵام ئەم پرۆژەیە هاوکات لە ناوچەکانی دیکەی ئێران و لەوانەش لە کوردستاندا جێبەجێ کرا، بە جۆرێک کە ئەمڕۆ لە ڕاستیدا نەک تەنیا دەبێت باس لە گوڵزاری خاوەران، بەڵکوو باس لە گوڵزارەکانی خاوەران لە سەرتاسەری ئێراندا بکرێت

لە کاتی ڕوودانی کۆمەڵکوژییە خوێناوییەکەی ٦٧دا، دەوڵەتانی ئەورووپا و ئەمریکا و شارەزایانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، نەک هەر ناڕەزایەتییان بەرامبەر بەم کۆمەڵکوژییە دەرنەبڕی، بەڵکوو بە نهێنی مۆری تەئیدیان لێ دا. میدیا بەناو ئازادەکانی زلهێزە ئیمپریالیستییەکان، ئاگایانە پەردەیان بەسەر کارەساتی کۆمەڵکوژی هەزاران زیندانی سیاسیدا کێشا. دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی، ئەم پارێزەرە درۆینانەی مافی مرۆڤ، کە سیاسەتی یارمەتیدانیان بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی گرتبووە بەر، دەستی سەرانی ڕژیمیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆمەڵکوژییە ئاوەڵا هێشتەوە. ئەوان پاش ئەوەی سەرانی ڕژیمیان ناچار بە قبووڵکردنی شکست لە شەڕی ئێران و عێراق و نۆشینی جامی ژەهر کرد، گڵۆپی سەوزیان بۆ حاکمانی ئیسلامی ئێران هەڵکرد کە بۆ پێشگرتن لە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە و ئارامکردنەوەی ئێران بۆ چەوساندنەوە و تاڵانکاریی سەرمایەداریی جیهانی، دەتوانن دەست بۆ هەر تاوانێک ببەن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، نەتەوە یەکگرتووەکان کە مەڵبەندی نێونەتەوەیی ئەم زلهێزە سەرمایەدارییانەیە، لە ئاست ئەم تاوانە خوێناوییە سیاسییەدا بێدەنگی گرتە بەر و بە نهێنی مۆری پەسەندکردنی پێوە نا

لەم ڕۆژانەدا و لە سی و هەشتەمین ساڵوەگەڕی کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسیدا، بە هیممەتی تێکۆشەرانی سیاسی و ڕزگاربووانی قەتلگاکانی ئێڤین، ڕەجاییشار، عادڵئاباد، دیزڵئاباد و زیندانی سنە و شوێنەکانی تر، هەروەها بە هیممەتی بزووتنەوەی دادخوازانەی دایکانی خاوەران و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران، دۆسیەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەر کاتێکی تر کەوتووەتە بەر سەرنجی ڕای گشتیی جیهان. لەژێر گوشاری بزووتنەوەی دادخوازیدا، حەمید نووری، یاریدەدەری پێشووی داواکاری گشتی لە زیندانی گەوهەردەشت و یەکێک لە بەکرێگیراوە تاوانکارەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بە تاوانی دەستهەبوون لە کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ٦٧دا، لە دادگای ستۆکهۆڵم سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێندرا. ئەمەش دەستکەوتێکە کە تەنانەت ڕادەستکردنەوەی ئەم تاوانکارە بە کۆماری ئیسلامی لە پرۆسەی سەودایەکی قێزەوندا، هیچ لە گرنگییەکەی کەم ناکاتەوە. ئەمڕۆکە لەژێر گوشاری بزووتنەوەی دادخوازیی خەڵکی ئێراندا، تەنانەت شارەزایانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ناتوانن زیاتر لەمە پەردەپۆشی لەسەر ئەم تاوانە سامناکەی ڕژیمی ئیسلامی بکەن. بێگومان تۆمارکردنی کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی وەک تاوانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دژ بە مرۆڤایەتی، دووبارەبوونەوەی لە جیهاندا دژوارتر دەکات

پەرەسەندنی بزووتنەوەی دادخوازی دژ بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی، زەرووره‌تێکی خەباتە لە دژی ئەم ڕژیمە تاوانکارە و پێویستە بەردەوام بێت. بزووتنەوەی دایکانی گیانبەختکردووانی خاوەران سەرەڕای گوشاری بێئەمانی سەرکوت، بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ساڵانە بۆ ڕێزلێنان لە قوربانیانی ئەم کارەساتە، کار و چالاکی لێکۆڵینەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندە نادیارەکانی ئەم کارەساتە، بەڕێوەبردنی دادگای دادخوازانە و سیمبولیک، ئاکسیۆنەکان و کەمپەینە تەبلیغییەکان لە ساڵوەگەڕی ئەم تاوانەدا و...، هەموو ئەمانە پێویستە تا ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی درێژەیان هەبێت. ئێستا کە لە چوارەمین ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا نزیک دەبینەوە، زیاتر لە جاران بۆ ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی ئێران ڕوون بووەتەوە کە تا ئەو کاتەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا نەهێندرێت و سەرانە تاوانکارەکەی لە دادگای خەڵکی چەوساوەی ئێراندا دادگایی نەکرێن، نابێت چاوەڕوانی دادپەروەری بین. هەر بۆیە پێویستە بزووتنەوەی دادخوازی دایکانی خاوەران و دایکانی گیانبەختکردووان، گرێ بخوات بە بزووتنەوەی مانگرتنی کرێکاران و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر و ناڕەزایەتیی بێبەشان و هەژارانی شارەکانەوە

کرێکاران و جەماوەری ئێران، ئەنجامدەرانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، جێبەجێکاران و پەسەندکارانی ئەم تاوانە نە لەبیر دەکەن و نە دەیبەخشن

**یادی گیانبەختکردووانی قەتلوعامی ساڵی ٦٧**

**هەمیشە زیندوو و بەرزە.**

❊❊❊



# تیرۆرە ئامانجدار و بەرنامە بۆداڕێژراوەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە

ئیتامار بن گڤیر، وەزیری ئاسایشی نەتەوەیی ڕاستڕەوی توندئاژۆی دەوڵەتی ئیسرائیل، یەکشەممەی ڕابردوو (ناوەڕاستی مانگی ئاگۆستی ٢٠٢٦) لە پادکاستێکی میدیاییدا خوازیاری ئەوە بوو کە هێزەکانی ئیسرائیل هەموو شەوێک ٣٠ بۆ ٤٠ فەلەستینی لە کەرتی غەززە قەتلوعام بکەن. بن گڤیر بە ڕاشکاوی ووتی: «پێم وایە دەبێت لە غەززە تیرۆری ئامانجدار ئەنجام بدرێت، هەموو شەوێک ٣٠ بۆ ٤٠ کەس بسڕینەوە.» هەروەها جەختی لەوەش کردەوە کە مەبەستی تەنیا فەلەستینییە چەکدارەکان نییە، بەڵکوو لە کەرتی غەززە کەسانێک هەن کە بە وتەی ئەو «شایەنی ژیان نین» و «بە هیچ جۆرێک مرۆڤ نین». مانگی ڕابردووش، بن گڤیر پێشنیاری ئەوەی کردبوو کە زیندانی 'کتزیعۆت' لە بیابانی نەقەب بە بەکارهێنانی تیمساح بپارێزرێت. ئەم ئایدیا وەحشیانەیە لە کەمپێکی پەنابەران لە فلۆریداوە ئیلهامی وەرگرتبوو کە لە مانگی جوولایدا داخرا. لەگەڵ ئەوەشدا، دادگایەکی ئیسرائیلی ئەم گەڵاڵەیەی قەدەغە کرد. هەر ئەم بەشە لە لێدوانەکانی وەزیری ئاسایشی ئیسرائیلە کە جەوهەری سیاسی پرسەکە ڕوونتر دەکاتەوە. کاتێک کاربەدەستێکی فەرمی دەوڵەت، بەشێک لە دانیشتووانی خاکێک بە شایەنی ژیان نەزانێت، ئەوا بە ئاشکرا و بێ پەردە لەگەڵ میکانیزمێکی فاشیستیدا بەرەوڕووین

مێژووی کۆلۆنیالیزم، چ لە سەردەمی ئیمپریالیزم و چ پێش ئەویش، پێمان دەڵێت کە کۆمەڵکوژی و جینۆساید تەنیا بە چەک مسۆگەر نابێت. پێش ئەوە، دەبێت وێنایەک بهێنرێتە ئاراوە کە تێیدا ژیانی قوربانییەکان بێبایەختر نیشان بدرێت. داماڵینی بەشێک لە مرۆڤەکان لە خەسڵەتی مرۆڤبوون، پێشەکییەکە بۆ ئاساییکردنەوەی توندوتیژی. سەرەتا کۆمەڵێک مرۆڤ وەک هەڕەشەیەکی هەمیشەیی پێناسە دەکرێن، پاشان بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵیان دەخرێتە پاڵ و لە قۆناغی دواتردا، پیادەکردنی توندوتیژی دژ بە کەسانی مەدەنی لە ژێر پەردەی 'پێداویستی ئەمنی'دا پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە. ئەم مۆدێلە تەنیا لە دەوڵەتی ئیسرائیل یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قەتیس نابێتەوە، بەڵکوو لە مێژووی داگیرکاری و شەڕە ئیمپریالیستییەکاندا گەلێک جار دووپات بووەتەوە. بێگومان بن گڤیر نوێنەری فاشیزمی ئیسرائیلە، بەڵام سەرهەڵدانی سیاسی ڕەوتێکی لەم چەشنە ناتوانرێت لە دەرەوەی قەیرانە پێکهاتەییەکانی کۆمەڵگای ئیسرائیل و بەردەوامبوونی پرسی فەلەستین لێک بدرێتەوە. فاشیزم لە بۆشاییەکی سیاسیدا گەشە ناکات. ناسیۆنالیزمی ئیفڕاتی، میلیتاریزم، ترس و دڵەڕاوکێی هەمیشەیی لە نائارامی، و پەیوەندییە دێرینەکانی داگیرکاری و هەژموون بەسەر فەلەستینییەکاندا، ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی و سیاسییەیان فەراهەم کردووە کە تێیدا سیاسەتمەدارێکی وەک بن گڤیر بتوانێت قسە لە قەتلوعام بکات وەک چارەسەرێکی سیاسی


کۆمەڵگەی ئیسرائیلیش هەروەک هەر کۆمەڵگەیەکی دیکەی سەرمایەداری، لە چینەکان و بەرژەوەندییە دژبەیەکەکان پێک هاتووە. لە نێوان کرێکار، سەرمایەدار، کارمەندە باڵاکانی بیرۆکراسی دەوڵەتی و فەرماندە سەربازییەکاندا جیاوازی ڕاستەقینە هەیە. هەروەک چۆن کۆمەڵگای فەلەستینیش جەماوەرێکی یەکپارچەی چینایەتی و سیاسی نییە. ئەگەر بڕیار بێت سیاسەتی شۆڕشگێڕانە لە ئاستی هاوسۆزییەکی ئەخلاقی تێپەڕێت، دەبێت هەر ئەم ململانێ و دژایەتییانە ببینێت و پرسی خۆڕێکخستنی سەربەخۆی هەژاران و چەوساوەکان بە جیددی وەربگرێت. لەم چوارچێوەیەدا، دەوڵەت ئەو ئۆرگانەیە کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و بەرژەوەندی چینە باڵادەستەکان ڕێک دەخات، و لە هەلومەرجی جەنگیشدا، دەزگا سەربازی و ئەمنییەکەی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەتر دەگێڕێت. کۆمەڵکوژی غەززە بە گرێدراوی لەگەڵ مێژووی داگیرکاری، گەمارۆدان، دروستکردنی نشینگەکان لە خاکە داگیرکراوەکان، کۆچی زۆرەملێی دانیشتووان، ململانێ ناوچەییەکان و پاڵپشتی زلهێزە جیهانییەکاندا فۆڕمی گرتووە. سەرمایەداری ئیمپریالیستیش لەم نێوەندەدا لە دەرەوەی گۆڕەپانی جەنگەکە نییە؛ پیشەسازی دروستکردنی چەک، بەڵێندەرە سەربازییەکان و تۆڕە ئەمنییەکان لە جیهانی هاوچەرخدا، بەشێکن لە پێکهاتەی ئابووری ئەم جەنگ و کۆمەڵکوژییە

لە وەها هەلومەرجێکدا، مرۆڤی فەلەستینی کە لە ماڵ، شەقام یان پەناگەکاندا دەژی، لە زمانی دەسەڵاتدا دەبێتە بەشێک لە پرسێکی ئەمنی. لەم بارودۆخەدا، تاوەکوو زمانی فەرمیی دەوڵەت و چینی باڵادەست زیاتر باس لە «هەڕەشە»، «سڕینەوە» و «ئامانجەکان» بکات، ئەگەری بینینی ئەو مرۆڤە ڕاستەقینانەی لە پشت ئەم چەمکانەوەن، کەمتر دەبێتەوە. بەڵام بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، کۆمەڵکوژییە بەرنامە بۆداڕێژراوەکانی دەوڵەت، هەرگیز تەنیا داتایەکی ئاماری نین. قەتل و تیرۆری مرۆڤێک، واتە خێزانێک کە لەبەر یەک هەڵوەشاوە، منداڵێک کە ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە، کرێکارێک کە ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ ماڵ و شوێنی کارەکەی، و کۆمەڵگەیەک کە دەرفەتی بەرهەمهێنانەوەی ئاسایی ژیانی تێدا لەناوچووە. لەم ڕوانگەیەوە، وەحشیگەرییەکەی بن گڤیری وەزیری ئاسایشی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل سەبارەت بە شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی زیندان بە بەکارهێنانی تیمساح، توندوتیژییەکە لە درێژەی ئەو تاوان و قەتلوعامانەی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە ئەنجامی دەدات

لە کاتێکدا بەردەوامبوونی کۆمەڵکوژییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە لە ژێر سێبەری پاڵپشتی زلهێزە ئیمپریالیستییەکان دایە، کرێکاران و چەوساوەکانی ئیسرائیل و فەلەستین، هەرچەندە لە پێگەی مێژوویی و سیاسی یەکساندا نین، بەڵام ناتوانن بۆ هەمیشە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتەکان و پڕۆژە ناسیۆنالیستییەکاندا پێناسە بکەن. ئەمەش بە واتای چاوپۆشیکردن لە نایەکسانی و جیاوازییەکان نییە. بەپێچەوانەوە، هەر شیکارییەکی جیددی دەبێت مێژووی داگیرکاری، کۆمەڵکوژی، سووکایەتیپێکردن، کۆچی زۆرەملێ، بێبەشکردن و زەوتکردنی مافەکانی خەڵکی فەلەستین بخاتە چەقی سەرنجییەوە. بەڵام بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیتەی فەلەستین کاتێک ئاسۆیەکی ڕزگاریخوازانە پەیدا دەکات، کە بتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە گرووپە کۆنەپەرستەکانی ئیسلامی سیاسی، خۆی بە خەباتێکی بەرفراوانتر دژ بە هەژموون، ستەم، چەوسانەوەی سەرمایەداری و میلیتاریزمەوە گرێ بدات

لێدوانەکانی بن گڤیر سەبارەت بە پلاندانان بۆ قەتل و تیرۆرە ئامانجدارەکان و ئاساییکردنەوەی کوشتار، ڕێبازی ڕاستەقینەی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل لە غەززە بە ڕوونترین شێوە نیشان دەدات. کاتێک کوشتنی دەیان مرۆڤ لە هەر شەوێکدا وەک سیاسەتێکی شیاوی گفتوگۆ دەخرێتە ڕوو، مەترسییەکە لەوەدایە کە ڕای گشتی وردەوردە ئەو هەستیارییەی پێویستە بۆ بینینی ئەم کۆمەڵکوژییانە وەک کارەساتێکی مرۆیی و سیاسی، لەدەست بدات. لە بارودۆخێکی وەهادا، بە پشتبەستن بە هێزی هاوپشتی نێونەتەوەیی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین، نابێت ڕێگە بدرێت کە دەوڵەتی فاشیست و داگیرکەری ئیسرائیل بە پاڵپشتی دەوڵەتی ئەمریکا، کۆمەڵکوژی لە غەززە ئاسایی بکاتەوە و بەردەوامییەکەی بکاتە شتێکی قبووڵکراو. پرسی ڕزگاری خەڵکی فەلەستین گرێ دراوە بە ڕەخنەی دژەکۆلۆنیالیستی لە سەرمایەداری ئیمپریالیستی و فاشیزم و میلیتاریزمەوە؛ لە هەمووشیان گرنگتر، بە بەرگریکردن لە سەربەخۆیی سیاسی چینی کرێکار و زەحمەتکێش لە بەرامبەر سەرجەم دەوڵەتان و دەسەڵاتە باڵادەستەکانی سەرمایەداریدا. ئەگەر بڕیارە شەڕ کۆتایی بێت و ئاشتییەکی پایەدار جێگیر بێت، ئەوەی دەبێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەو پەیوەندییانەن کە ڕێگە بە حکومەتی سەرمایەداری فاشیستی ئیسرائیل دەدەن بڕیار لەسەر چارەنووس و ژیانی ملیۆنان مرۆڤ بدات و بە پلاندانانی تیرۆری ئامانجدار لە ژێر پەردەی پێداویستییە ئەمنییەکاندا، بوونی نەتەوەیەک لەناو ببات

❋ ❋ ❋



# پەرەسەندنی چەوساندنەوە، سەختی کار و هەڵکشانی مەرگە بێدەنگەکانی کرێکاران

تەنیا لە دوو هەفتەی یەکەمی مانگی گەلاوێژی ١٤٠٥دا، لانی کەم ١٨ کرێکار لە کاتی کارکردندا گیانیان لەدەست داوە. ئەم ژمارانە تەنیا گۆشەیەکی بچووک لەو حەقیقەتە تاڵە نیشان دەدەن. لە پشتی هەر یەک لەم مەرگانەوە کرێکارێک وەستاوە کە بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانی، ناچار بووە هێزی کاری خۆی بفرۆشێت، هەروەها بنەماڵەیەک هەیە کە دوای گیانلەدەستدان یان پەککەوتنی ئەو کرێکارە، بەرەوڕووی دابەزینی داهات، قەرزداری و نائەمنی ئابووری بووەتەوە. بەڵام دووپاتبوونەوەی ئەم مەرگانە لە ستوونی ڕووداوی ڕۆژنامەکاندا تەنیا لە چەند دێڕێکدا کورت دەکرێنەوە و دواتر جێگەی خۆیان دەدەن بە ڕووداوی داهاتوو. بەم جۆرە، مەرگ لە ژینگەی کاردا وردە وردە لە کارەسات و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە «هەواڵ»ێکی ئاسایی. لە ئەدەبیاتی کرێکاریدا، لەبەر ئەم هۆکارەیە کە بە گیانلەدەستدانی کرێکاران بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە دەوترێت "مەرگی بێدەنگ"، چونکە ئەم کارەساتانە بەبێ هەرای میدیایی، دوور لە سەرنجی ڕای گشتی و لەناو بێدەنگییەکی پێکهاتەییدا ڕوو دەدەن

مەرگی کرێکار لە شوێنی کاردا نە ڕێکەوتە و نە باجێکی حاشاهەڵنەگری پڕۆسەی بەرهەمهێنانە. ئەو نەهامەتییەی لە گەلاوێژی ١٤٠٥دا بەسەر کرێکارانی ئێراندا هاتووە، سەرچاوەی لەو بارودۆخەوە گرتووە کە تێیدا هێزی کار بە هەرزانی، بێپشتیوان و بێدەسەڵاتی سەوداکردن دەهێڵرێتەوە؛ لە لایەکی تریشەوە، تێچووی سەلامەتی، چارەسەریی پزیشکی و بژێوی ژیانیان تا ئەوپەڕی توانا دەخرێتە سەر شانی خودی کرێکار و بنەماڵەکەی. گەرمای لەڕادەبەدەریش ئەم نابەرابەرییەی قووڵتر کردووەتەوە؛ هەمان ئەو هەلومەرجەی بۆ بەشێک لە کرێگرتەکان دەبێتە هۆی پشوو و کارکردن لە ماڵەوە، بۆ کرێکاری بیناسازی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری و وەرزی، دەبێتە درێژەدان بە کار لە ژینگە مەترسیدارەکان و هەڕەشەی لەدەستدانی حەقدەست و بیمە

بەپێی ڕاگەیاندنی عەلیڕەزا ڕەئیسی، جێگری ئەوکاتی وەزیری تەندروستی ڕژێمی ئیسلامی لە گوڵانی ١٤٠٤دا، ساڵانە نزیکەی ١٠ هەزار کرێکار لە ئێران بەهۆی ڕووداوەکان و هەلومەرجی سەپێنراوی کارەوە گیانیان لەدەست دەدەن. ئەم ئامارە سامناکە زیاتر لە ٨٠٠ مەرگ لە مانگێکدا و نزیکەی ٢٧ کوژراو لە ڕۆژێکدا لەخۆ دەگرێت. ئەو ئامارەی کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە خراوەتە ڕوو، جیاوازییەکی ٥ هێندەیی هەیە لەگەڵ ئامارە فەرمییەکانی ڕێکخراوی پزیشکی داددا، کە زۆربەی کات تەنیا قوربانیانی ناو کارگە فەرمییەکان و کرێکارە بیمەکراوەکان تۆمار دەکەن. هۆکاری سەرەکی ئەم جیاوازییە زەقەش، دەگەڕێتەوە بۆ کارکردنی بەشێکی گەورە لە هێزەکانی کار، بەتایبەتی کرێکارانی بیناسازی و کانەکان، لەو کارگە و شوێنانەی کە نافەرمین و هیچ پارێزبەندییەکی بیمەییان نییە، بەمەش مەرگی ئەوان لە ئامارە دەوڵەتییەکاندا جێی نابێتەوە. درز و کەلێنێکی لەم شێوەیە ناکرێت تەنیا بخرێتە پاڵ جیاوازیی شێوازی تۆمارکردنی زانیارییەکانەوە؛ بەڵکوو ئەم جیاوازییە گوزارشتە لە سڕینەوەی سیستماتیکی بەشێکی گەورەی چینی کرێکار لە سیستەمی ئاماری فەرمیدا

هەڵسووراوان و چالاکانی کرێکاری، لاوازی پشکنین و چاودێری، هەروەها دەرئەنجامەکانی تایبەتسازی و پەرەسەندنی گرێبەستە پەیمانکارییەکان، بە هۆکاری کاریگەر دەزانن لە نائەمنی ژینگەکانی کاردا. لە پڕاکتیکدا، تایبەتسازی و سیستەمی پەیمانکاری تەنیا گۆڕینی فۆڕمی خاوەندارێتی یان بەڕێوەبردن نەبوون؛ بەڵکوو لە زۆربەی شوێنەکانی کاردا، بوونەتە هۆی پرشوبڵاوبوونەوەی بەرپرسیارێتی و گواستنەوەی مەترسییەکان بۆ نزمترین ئەڵقەی زنجیرەی بەرهەمهێنان. خاوەنکاری سەرەکی بەرپرسیارێتییەکە دەخاتە ئەستۆی پەیمانکار، پەیمانکاریش دەیداتە دەست پەیمانکاری لاوەکی و لە کۆتاییدا ئەوەی دەمێنێتەوە کرێکاری ڕۆژمزد، کاتی، کۆچبەر یان بێبیمەیە، بەم جۆرەش ئەو بەرپرسیارێتییەی کە دەبێ ڕووی لە ساختاری بەرهەمهێنان بێت، کورت دەکرێتەوە بۆ "بێئیحتیاتیی کرێکار"

سەرەڕای پەرەسەندنی چەوساندنەوە و نەبوونی کەرەستەی خۆپارێزی کە شوێنەکانی کاری کردووەتە قەسابخانەی کرێکاران، گەرمای تاقەتپڕووکێنی هاوین، بەتایبەتی لە ناوچەکانی وەک خوزستان، تەندروستی گشتی و بەشێوەیەکی تایبەت تەندروستی کرێکارانی خستووەتە ژێر مەترسییەکی جدییەوە. لە گەلاوێژی ئەمساڵدا، لە کاتێکدا خوزستان ڕۆژانێکی گەرمای بێوێنەی ئەزموون دەکرد، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کەشناسی پارێزگاکە بە پێشبینیکردنی پلەی گەرمای ٤٩ و ٥٠ پلە و تەنانەت بەرزتریش، چەندین جار زەنگی مەترسی لە ئاستی سووردا لێدا. ئەم هۆشدارییە وەک زەنگێکی مەترسی جدی بۆ سەر تەندروستیی گشتی دێتە ئەژمار و زەرووەرەتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی بەپەلەی وەک پشووی فەرمانگەکان و کارکردن لە ماڵەوەی دوو هێندە کرد. بەدوای ئەم هۆشدارییانەدا، زۆربەی فەرمانگەکان داخران یان سیستەمی کاریان گۆڕدرا بۆ کارکردن لە ماڵەوە. ناتەبایی و پارادۆکسەکە لەوێوە دەست پێدەکات کە هەمان ئەم مەترسییە، کاتێک دەگاتە ژینگەی کار و بەتایبەتی شوێنی کاری کرێکارانی دەستی، دەبێتە پرسێکی پلە دوو. کارمەندی ئیداری دەتوانێت لەم هەلومەرجەدا لە ماڵەوە کارەکەی بکات، بەڵام کرێکاری بیناسازی ناتوانێت لە دوورەوە و لەناو ماڵەکەیەوە بیناکە دروست بکات. شۆفێر، کرێکاری شارەوانی، کرێکاری کشتوکاڵ، یان ئەو کرێکارەی لە تەنیشت کوورە و ئامێرەکانەوە کار دەکات، بە ڕاگرتنی کارەکەی، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەر هەڕەشەی کەمبوونەوەی داهات یان لەدەستدانی کارەکەی. لێرەدا قەیرانی ژینگەیی لە دیاردەیەکی سروشتییەوە دەبێتە پرسێکی چینایەتی. گەرما بۆ هەمووان وەک یەک نییە؛ توانای هەڵاتن لە گەرما، کەمکردنەوەی کاتەکانی کارکردن و بەرگەگرتنی تێچووی ڕاگرتنی کار، بە یەک ئەندازە لەنێوان چینە کۆمەڵایەتییەکاندا دابەش نەکراوە

لە پلەی گەرمای سەرووی ٥٠ پلەدا، ژمارەیەک لە کرێکارانی بیناسازی بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی گەرماژۆیی ڕوویان کردووەتە کاری شەوانە. سەرەڕای ئەمەش، سەرۆکی ناوەندی ئەنجومەنەکانی کرێکارانی بیناسازی لە خوزستان ڕایگەیاندووە کە پشکنینەرانی کار بەیانیان بۆ پشکنین سەردان دەکەن و هەر لەبەر ئەم گۆڕینی کاتی کارکردنەش، بیمەی هەندێک لە کرێکاران دەبڕدرێت. بەپێی هەمان ڕاپۆرت، لە هەر ١٠ کرێکار، بیمەی ٩ کەسیان بە ناحەق بڕدراوە. ئەگەر ئەم ژمارەیە بخەینە چوارچێوەی هەلومەرجی کرێکارانی بیناسازییەوە، کێشەکە ڕوونتر دەبێتەوە؛ ئەو کرێکارەی بۆ کەمکردنەوەی مەترسی مەرگ ناچارە کاتەکانی کاری خۆی بگۆڕێت، نابێت لە دەرئەنجامی هەمان هەنگاودا لە بیمە و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بێبەش بکرێت. بیمە لێرەدا کێشەیەکی ئیداری و لاوەکی نییە. بڕینی بیمە دەتوانێت دەستڕاگەیشتنی کرێکار بە چارەسەری پزیشکی، پێشینەی خانەنشینی و پاڵپشتیيە سنووردارە یاساییەکان بەرتەسکتر بکاتەوە، و لە ئەگەری ڕوودانی هەر کارەساتێکدا، خۆی و بنەماڵەکەی دەخاتە دۆخێکی نالەبارتر و بێدەرەتانترەوە

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، سەلامەتی کاتێک مانای دەبێت کە کرێکار دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت کاری مەترسیدار ڕابگرێت، بەبێ ئەوەی حەقدەست و کارەکەی لەدەست بدات. ڕاگرتنی کار لە پلە گەرما مەترسیدارەکاندا، دەبێ هاوڕێ بێت لەگەڵ پێدانی تەواوەتیی حەقدەست؛ گۆڕینی کاتەکانی کار نابێ ببێتە هۆی بڕینی بیمە؛ پشکنین دەبێ سەربەخۆ لە خاوەنکار و پەیمانکار و بە بەشداری نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکاران ئەنجام بدرێت؛ وە بەرپرسیارێتی دابینکردنی سەلامەتی ناکرێت لەنێوان چەندین چینی پەیمانکاریدا ون ببێت. تۆمارکردنی شەفافانەی ڕووداوەکان و نەخۆشییە پیشەییەکان، دەبێ دەرفەتی شاردنەوەی ڕاستییەکانی پەیوەست بە ژینگەی کار لە ڕەگەوە هەڵکەنێت. بەڵام تەنانەت ئەم هەنگاوانەش، بەبێ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە شوێنی کاردا، بە سنوورداری دەمێننەوە. ئەو کرێکارەی لە ترسی دەرکردن، بڕینی بیمە یان لەدەستدانی حەقدەستەکەی ناتوانێت سەبارەت بە سەلامەتی کارەکەی ناڕەزایەتی دەرببڕێت، بەکردەوە لەبەرانبەر مەترسیدا بێدەرەتان و بێبەرگرییە. کەواتە کێشە سەرەکییەکە تەنیا زیادکردنی پشکنین یان توندوتۆڵکردنی یاسا و ڕێساکان نییە؛ بەڵکوو مەسەلەکە ئەوەیە کە کرێکاران بتوانن سەربەخۆ لە دەوڵەت و سەرمایەدار و خاوەنکارەکان خۆیان ڕێکبخەن، چاودێری بەسەر هەلومەرجی کاردا بکەن و لەو بڕیارانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سەلامەتی و گیانیانەوە هەیە، خاوەنی هێز و دەسەڵاتی ڕاستەقینە بن. ڕێکخراوە سەربەخۆکان، کۆمیتەکانی سەلامەتی هەڵبژێردراوی کرێکاران و یەکگرتنی نێوان کرێکارانی کەرتە جیاوازەکان، دەتوانێت هاوسەنگی هێز لە ژینگەی کاردا بگۆڕێت و بە قازانجی چینی کرێکار وەرچەرخان دروست بکات

❊❊❊

# شەڕی ئەمریکا، دەرفەتێک بۆ توندترکردنەوەی شەڕی دژ بە کۆمەڵگا

لەم ڕۆژانەی دواییدا، مەجلیسی کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک بڕیار و یاسای نوێی لە بارودۆخێکدا پەسەند کردووە کە ڕژێم بە بیانووی «دۆخی شەڕ» پاساویان بۆ دەهێنێتەوە. ئەم یاسایانە، پانتایی کۆتوبەندە ئەمنییەکان بۆ ناو بوارەکانی وەک هاوکارییە زانستی و زانکۆییەکان، بەڕێوەبردنی هەندێک چالاکیی پەروەردەیی، پەیوەندی لەگەڵ میدیا دەرەکییەکان و چالاکییە فەرهەنگی و هونەرییەکان پەلکێش دەکات و بۆ هەندێک لەم بوارانەش سزای قورسی دیاری کردووە. نێوەڕۆکی سیاسیی ئەم بڕیارانە ڕوون و ئاشکرایە؛ ڕژێم تێدەکۆشێت هەلی تایبەتی شەڕ لەگەڵ ئەمریکا بکاتە ئامرازێک بۆ هەرچی زیاتر سنووردارکردنی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆنترۆڵکردنی ئەو بوارانەی کە ئەگەری سەرهەڵدانی هزر و بیرکردنەوەی سەربەخۆ، ئاڵوگۆڕی ئازادانەی زانیاری و خۆڕێکخستنی کۆمەڵایەتییان تێدایە. بۆ تێگەیشتن لە مانا و جەوهەری ڕاستەقینەی ئەم سیاسەتە، دەبێت لە دەقی یاساکان تێپەڕین و پەیوەندیی نێوان قەیران، دەوڵەت و پەیوەندییە چینایەتییە زاڵەکان بەسەر کۆمەڵگەدا بخەینە ژێر شیکاری و لێکۆڵینەوە.

لەژێر سایەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، قەیران هەرگیز تەنیا دۆخێکی کاتی و تێپەڕ نەبووە. کۆماری ئیسلامی هەر خۆی لەگەڵ قەیراندا لەدایک بووە. شەڕ، قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان، گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، دەستێوەردانە سەربازییەکان و هەڕەشە دەرەکییەکان، هەریەکەیان لە قۆناغە جیاوازەکاندا بوونەتە زەمینەیەک بۆ پەرەپێدانی هەژموون و کۆنترۆڵی سەرمایەداریی ئیسلامی. ئەمجارەشیان «دۆخی شەڕ» وەک پەردەپۆشێک بۆ سنووردارکردنی پانتاییەکی زیاتری ژیانی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت. مەسەلەکە ئەوەیە کە چ هێزێک ئەم هەلومەرجە بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی و زەوتکردنی مافەکانی چین و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگە دەقۆزێتەوە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە بەرژەوەندییە چینایەتییە دژبەیەکەکان بوونیان هەیە، دەوڵەت یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی پاراستنی نەزمی زاڵ. هەر لەبەر ئەمەشە، کاتێک قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان ململانێ و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان قووڵتر دەکەنەوە و ناڕەزایەتییەکان لە خوارەوەڕا پەرە دەستێنن، دامودەزگای دەوڵەتی زیاتر لە جاران بەرەو کۆنترۆڵ و سەرکوت هەنگاو دەنێت. بڕیارەکانی ئەم دواییەی مەجلیسی ئیسلامیش دەبێت هەر لەم بەستێنەدا ببینرێن. ئەوانە وەڵامێکی ئەمنین بەو ململانێ و ناکۆکییانەی کە ڕیشەیان لە پێکهاتەی ئابووری و سیاسیی کۆمەڵگەدایە.

قورسایی سەرەکی قەیرانەکانی ئێستا کەوتووەتە سەر شانی زۆرینەی خەڵک. کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرەوڕووی دابەزینی توانای کڕین، نائەمنی کار و گوشاری ئابوورین؛ ژنان و لاوان لەگەڵ کۆتوبەندی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەستەویەخەن؛ و بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەش لە بەرامبەر دارمانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و قووڵبوونەوەی نایەکسانیدا ماونەتەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا، ڕژێم لەبری ئەوەی وەڵام بە داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان بداتەوە، پانتاییەکی زیاتری ژیانی گشتی بەئەمنی (میلیتاریزە) دەکات. کەواتە، نابێت سەرکوتکردنی خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ، هونەرمەندان، ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی کۆمەڵایەتی، لێک جیا بکرێتەوە لەو گوشارانەی کە دەخرێنە سەر چینی کرێکار و توێژە چەوساوەکانی دیکە. ئەمانە دیوە جیاوازەکانی یەک سیاسەتی هاوبەشن؛ ئەویش پاراستنی پەیوەندییە زاڵەکانە لە ڕێگەی گواستنەوەی باجی قەیرانەکە بۆ سەر شانی کۆمەڵگە و بەرتەسککردنەوەی ئەگەری بەرخۆدانی ڕێکخراو. سنووردارکردنی هاوکارییە زانستی و زانکۆییەکان لەگەڵ ناوەندەکانی دەرەوەی وڵات، نموونەیەکی ئاشکرای ئەم سیاسەتەیە.

کۆمەڵگەی زانستی بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن پێویستی بە پەیوەندی، ئاڵوگۆڕی زانست و هاوکاری نێودەوڵەتی هەیە. زانکۆکان شوێنی سەرەکین بۆ بیرکردنەوەی ئازاد و داهێنانی زانستی. ئەگەر پرسە زانستی و فیکرییەکان بگۆڕین بۆ کێشەی ئەمنی، ئەوا زانکۆ لە ناوەڕۆکی بنەڕەتیی خۆی بەتاڵ دەکرێتەوە و سەربەخۆیی فیکری لەدەست دەدات. لە گۆڕەپانی فەرهەنگ و هونەریشدا، کۆنترۆڵکردنی بەرهەمە فەرهەنگییەکان و سەرکوتکردنی ئەو بەرهەمانەی کە گێڕانەوەی فەرمی ڕژێمی ئیسلامی دەخەنە ژێر پرسیارەوە، هەوڵێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی وێناکردنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی. ڕژێم نایەوێت تەنیا چالاکییە سیاسییە ڕێکخراوەکان کۆنترۆڵ بکات؛ بەڵکوو دەیەوێت خودی دەرفەتی سەرهەڵدانی ڕوانگەی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بە کۆمەڵگاش سنووردار بکات. هەمان لۆژیک لە بواری پەروەردە و میدیاشدا پەیڕەو دەکرێت. پەروەردەی سەربەخۆ دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ گواستنەوەی ئەزموون، داڕشتنی ئاگایی ڕەخنەگرانە و دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا. میدیای سەربەخۆش دەتوانێت ئەو ڕاستییانە ئاشکرا بکات کە دەزگای فەرمی دەسەڵات هەوڵی شاردنەوەیان دەدات. لەم ڕوانگەیەوە، بەئەمنیکردنی پەروەردە و پەیوەندییە میدیاییەکان دەبێت وەک بەشێک لە ستراتیژی ڕژێمی ئیسلامی بۆ توندترکردنی سەرکوت و پێشگرتن لە سەرهەڵدانی توانست و پوتانسیێلە سەربەخۆ کۆمەڵایەتییەکان لە قەڵەم بدرێت.

لەو سۆنگەیەوە، بەرگریکردن لە ئازادی ڕادەربڕین، بەرگری لە مافی پەروەردە و ئازادی چالاکی زانستی و فەرهەنگی، لە خەباتی کرێکاران بۆ باشترکردنی هەلومەرجی کار و ژیان و مافی خۆڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێکخراوەکان، جیاواز نییە. خەبات لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ کرێکاران و چینە چەوساوەکان، لە خەباتی دژ بە چەوساندنەوە، نایەکسانی و ستەمی چینایەتی دانەبڕاوە. هەروەک چۆن خەباتی چینایەتی بەبێ ئازادی سیاسی و دەرفەتی خۆڕێکخستنی سەربەخۆ ناتوانێت بەرەوپێش بچێت، بەرگریکردن لە ئازادیش بەبێ خەبات دژی ئەو پەیوەندییە ئابووری و چینایەتییانەی کە ئەم ئازادییانە بەرتەسک دەکەنەوە، بۆ ئاستی ڕیفۆرم و چاکسازی ڕووکەش کورت دەکرێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە، خەبات دژی ستراتیژی توندترکردنەوەی سەرکوتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، دەبێت گرێ بدرێت بە خەباتی کرێکاران، ژنان، لاوان، خوێندکاران و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە لەپێناو ڕزگاربوون لە پەیوەندییەکانی چەوساندنەوە و هەژموونگەری. تەنیا لە ڕێگەی وەها گرێدان و یەکگرتوویییەکەوەیە کە بەرخۆدان لە بەرامبەر سەرکوتدا دەتوانێت لە کاردانەوەیەکی پەرتەوازە تێپەڕێت و ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی بۆ وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا.

❊❊❊



# یەکخراوانەی بزووتنەوەتووڕەیی و ناڕەزایەتی گشتی بەرەو پەرەپێدانی هۆشیارانە و کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان ئاراستە بکەین

لە کاتێکدا ٦ مانگ بەسەر دەستپێکی شەڕی دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێت و دانوستانەکانی نێوانیان گەیشتووەتە بنبەست، ترەمپ ڕۆژی دووشەممە ٢ی خەرمانان، بە مەبەستی سەپاندنی گوشاری زیاتر بەسەر ڕژێمی ئیسلامیدا، فەرمانی جێبەجێکردنی گەڵاڵەی "تەریکخستنەوەی ئابووریی کۆماری ئیسلامی" دەرکرد. بەپێی ئەم گەڵاڵەیە کە پێشتر بە هەڕەشە و هەراوهوریای ترەمپەوە ڕاگەیەندرابوو، هەر دەوڵەتێک پەیوەندی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەبێت، ڕووبەڕووی سزای دارایی، گەمارۆ و دەرهاوێشتە ئابوورییەکانی ئەمریکا دەبێتەوە. بە جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیە و توندتربوونەوەی گەمارۆکان، قەیرانی ئابووریی حکوومەتی ئیسلامی پێی ناوەتە قۆناغێکی دیکەوە. لەوانە، نرخی دۆلار کە تا پێش ئەوە لە دەوروبەری ١٩٨ هەزار تمەندا سەرووخواری دەکرد، لە ماوەی چوار ڕۆژدا گەیشتە ٢٠٨ هەزار تمەن. چونکە ئەگەر پێشتر کۆماری ئیسلامی گەمارۆ دەرياييەکانی تێدەپەڕاند و لە ڕێگەی دیکەوە بڕێک لە نەوتەکەی بە نرخی هەرزان دەفرۆشت، بە جێبەجێکردنی ئەو گەڵاڵەیە، هەناردەی نەوتی ڕژێمی ئیسلامی بە توندی دابەزیوە و هەندێک لە بەرپرسانی ڕژێم ئاستەکەی بە سفر دەخەمڵێنن. لە دۆخێکی وەهادا، دەستڕاگەیشتنی ڕژێم بە دۆلار بۆ دابینکردنی دراوی پێویست بە مەبەستی هاوردەکردنی کاڵاش ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی زیاتر بووەتەوە. شارەزایانی ئابووری، گوشاری دارایی ئەمریکا بۆ سەر ئەو دەوڵەت و هاوبەشە بازرگانییانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەکرد، بە هۆکاری سەرەکیی ئەم هەڵکشانە بێوێنەیەی نرخی دۆلار دەزانن

سەرباری ئەمانە، ناسر هیممەتی، سەرۆکی بانکی ناوەندی کۆماری ئیسلامی ئیدیعای ئەوەی کرد کە کورتهێنانی دراویان نییە و بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار دەرەنجامی شەڕی دەروونی، هێرشی پڕوپاگەندەیی و کەشسازیی ئەمریکایە و کاتییە. ناوبراو وەک هەنگاوێکی بەرگریکارانە لەبەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخی دۆلاردا، ڕۆژی سێشەممە ٣ی خەرمانان پاکێجێکی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاریشی خستە بازاڕەوە. بەڵام ئەم کارەش بێئاکام مایەوە و نرخی دۆلار هەروا بەردەوام بوو لە ڕەوتی هەڵکشانەکەی. بازدانی نرخی دۆلار و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و پێداویستییە ڕۆژانەکانی خەڵک، ڕێبەران و کاربەدەستانی ڕژێمی لە تەقینەوە و هەڵچوونی تووڕەیی و ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو یەکجار نیگەران کردووە و ململانێی باڵەکانی نێوخۆی ڕژێمیشی پەرە پێداوە

لەم پەیوەندییەدا، مەسعوود پزیشکیان کە ڕزگاربوونی ڕژێم لە کرانەوەی ئابووری و لە ڕێگەی سازشکردن لەگەڵ ئەمریکادا دەبینێتەوە، ڕۆژی هەینی ٦ی خەرمانان لە میانەی چاوپێکەوتنێکدا، هێرشی کردە سەر باڵی ئوسوولگەرای توندڕەو و ژمارەیەک لە فەرماندەکانی سوپای پاسداران کە دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بە خیانەت ناو دەبەن و خوازیاری درێژەدان بە شەڕن لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل. پزیشکیان هۆشداریی دا کە بە بەردەوامیی ئەم دۆخە، نرخی دۆلار و کاڵا پێویستەکانی خەڵک لەوەش بەرزتر دەبێتەوە. ئەو بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە بەهۆی سزاکان و گەمارۆی دەریایی بەندەرەکان لەلایەن ئەمریکاوە، هەنارده و هاوردەی کۆماری ئیسلامی تا ئاستی ٣٥٪ دابەزیوە، دانی بەوەدا نا کە: "ئێمە پارەمان نییە، داهاتمان نییە، دراومان کەمە و ئەگەر گەمارۆکانیش بەردەوام بن، گرانی زیاتریش دەبێت"

لە کاردانەوە بە لێدوانەکانی پزیشکیان و قوڵبوونەوەی ناکۆکیی نێوان باڵەکان و مۆرەکانی ڕژێم، ڕۆژی شەممە ٧ی خەرمانان،




بەیاننامەیەک کە دەدرێتە پاڵ موجتەبا خامنەیی، ڕێبەری نادیاری کۆماری ئیسلامی، بە بیانووی هەفتەی دەوڵەتەوە بڵاوکرایەوە کە تێیدا ئەنجامدانی هەر کارێک کە زیان بە یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی بگەیەنێت، قەدەغە کرابوو. لە بەشێکی ئەو بەیاننامەیەدا، تەنانەت دەربڕینی ڕاستگۆیانەی خاڵە لاوازەکانی حکوومەت لەلایەن گەورەبەرپرسانی دەوڵەتەوە، بە یارمەتییەکی گەورە بۆ دوژمن ئەژمار کرابوو و داوای کردبوو کە خاڵە بەهێزەکان و خاڵە ئەرێنییەکانی حکوومەتی ئیسلامی زەق بکرێنەوە. پەیامە دراوەپاڵەکەی موجتەبا خامنەیی، هەڕەشەی لە گەورەبەرپرسانی دەوڵەت، لەوانە مەسعوود پزیشکیان کرد کە ئەگەر دژی سیاسەتە شەڕخوازانەکانی باڵی ئوسوولگەرای توندڕەو و کادیرانی سەرکردایەتی سوپای پاسداران پڕوپاگەندە بکەن، ئەوا لە ڕیزی دوژمن هەژمار دەکرێن. ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە لە ڕاستیدا بەرپرسان و مۆرەکانی حکوومەتی ناچار کردووە کە ڕاستییەکان و خاڵە لاوازەکانی ستراتیژی و سیاسەتەکانی پەیوەست بە مانەوەی حکوومەتی ئیسلامی پەردەپۆش بکەن

بەدوای ئەوەدا پزیشکیان و بەرپرسانی دیکەی دەوڵەت کە نیگەرانی ئاسایشی خۆیان بوون، دەستیان کرد بە تاریفکردن و پێداهەڵگوتن بە ڕێبەر و باڵی ڕکابەر. پزیشکیان لە پەیامێکی پڕ لە درۆ و ڕیادا کە ئاراستەی ڕێبەری ڕژێم و "میللەت"ی کردبوو، لە تۆڕی ئێکس ڕایگەیاند: "لەوپەڕی یەکگرتوویی و تەباییدا لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکە، لە پێناو بەرەوپێشچوون و گەشەسەندندا، پارێزەری دەسەڵات و هێزی وڵات دەبین". بەدوای ئەودا، محەممەدڕەزا عارف جێگری سەرکۆمار و وەزیری ناوخۆش ڕایانگەیاند کە: "نابێت بەرپرسانی دەوڵەتی پێچەوانەی ستراتیژیی دەوڵەت قسە بکەن و لە ڕاگەیاندنەکاندا شەڕ لەگەڵ یەکتر بکەن یان ئاماری دژبەیەک بخەنە ڕوو، تاوەکوو خەڵک هەست نەکەن کە لە نێوان بەرپرسانی دەوڵەتدا ناکۆکی هەیە". هاوکات بە ناوی دەستەی دەوڵەتیشەوە بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و ڕایانگەیاند کە لەبەرامبەر گەمارۆکانی ئەمریکادا خۆڕاگری دەکەن و پارێزەری ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی وڵات دەبن

بەیاننامەکەی دەستەی دەوڵەت بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک ڕایدەگەیەنێت کە هەڵاوسان کۆنترۆڵ دەکەن و بە ڕەخساندنی هەلی کار و پشتیوانی لە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی، تەرکیز دەخەنە سەر کەمکردنەوەی پشتبەستن بە دۆلار. بێگومان لە دۆخی مایەپووچیی ئابووریی حکوومەتی ئیسلامی و ئەو دزی و گەندەڵییە دامەزراوەییەی تێیدا ڕەگی داکوتاوە، کەس بەم بەڵێنە پووچ و بێبنەمایانەی حکوومەتی ئیسلامی هەڵناخەڵەتێت و هەموو کەس دەزانێت کە ئەنجامدانی هەنگاوی لەم چەشنە نەک هەر لە توانای حکوومەتی ئیسلامیدا نییە، بەڵکوو دەوڵەت لە هەوڵی بەرزکردنەوەی سەد لە سەدی نرخی بەنزیندایە بۆ ئەوەی بتوانێت مووچەی کارمەندەکانیشی لەسەر حسابی بژێوی کرێکاران و چین و توێژە چەوساوەکانی دیکەی ئێران دابین بکات

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، حکوومەتی ئیسلامی بە شێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو لە هەوڵی ئامادەکارییەدایە بۆ بەهێزکردنی دەزگا سەربازی و ئەمنییەکان و توندکردنەوەی سەرکوتگەری، تاوەکوو بتوانێت لەژێر ناوی بەرەنگاربوونەوەی پیلانەکانی دوژمندا، هەر جۆرە تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی خەڵتانی خوێن بکات. لەم پەیوەندییەدا، ئیتلاعاتی سوپای پاسداران ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی خەرمانان، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک هەڕەشەی ئەوەی کرد کە "ئەنجامدانی کۆمەڵێک کار لە نێوخۆدا وەک گەورەکردنەوە و قۆستنەوەی خاڵە لاوازەکان، کەموکوڕییەکان و بەربەستە نێوخۆییەکان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و هاندانی خەڵک بۆ پەلکێشکردنی ناڕەزایەتییەکان بۆ نێو شەقامەکان، بەشێکە لە بەرنامەکانی دوژمن". سەرباری ئەوەش، هەڵاوسان و گرانی بێسنوور و گوشاری وێرانکەری ئابووری بۆ سەر ژیان و بژێویی کرێکاران و توێژە چەوساوەکانی دیکە و کەڵەکەبوونی تووڕەیی و ناڕەزایەتی خەڵک، ڕوودانی تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی کردووەتە ئەگەرێکی حاشاهەڵنەگر. ئەم دۆخە لە چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەخوازێت کە بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دەزگای سەرکوتی حکوومەتی ئیسلامی، ئەم تووڕەیی و ناڕەزایەتییە گشتییە هیدایەت و ئاراستە بکەن بەرەو پەرەپێدانی هۆشیارانە و ڕێکخراوانەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان

❊❊❊

# دابینکردنی خانوو، خەونە بەدینەهاتووەکەی لاوان، کاڵا پڕقازانجەکەی سەرمایەداران

شیکردنەوەی داتاکانی هەڵاوسانی کەرەستەکانی بیناسازیی ناوەندی ئامار کە لەم دواییەدا بڵاو کراوەتەوە، نیشانی دەدات کە تێچووی دروستکردنی خانووبەرە لە تاران لە بەهاری ئەمساڵدا گەورەترین بازدانی خۆی لە سەرەتای دەیەی ٩٠ی هەتاوییەوە تۆمار کردووە. تێچووی کەرەستەکانی دروستکردنی خانووبەرە لە پێوەرەکانی هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵدا بە بەراورد لەگەڵ هەمان کاتی ساڵی ڕابردوو، گەشەیەکی دوو هێندە، واتە بە ڕێژەی سەدا ١٠٧ بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە. ئامارەکانی پلاتفۆرمی «دیوار»یش، تێکڕای نرخی خستنەڕووی خانووبەرەی لە تاران بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بە نزیکەی دوو هێندە خەمڵاندووە کە بۆ هەر مەترێک چوارگۆشە سنووری ٢٠٠ ملیۆن تمەنی تێپەڕاندووە. بەپێی ئەم ئامارانە، تێچووی نۆژەنکردنەوەی خانوو لە پایتەخت، گەیشتووەتە بەرزترین ئاستی ١٥ ساڵی ڕابردوو. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە بەهاری ئەمساڵەوە هەزاران بنەماڵە تەنیا بەهۆی وێرانکارییەکانی شەڕی ماڵوێرانکەری دوو جەمسەری ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستەوە، ناچار بوون سەرپەناکانیان نۆژەن بکەنەوە. ئەگەرچی دەوڵەت بەڵێنی داوە کە بەشێک لەم تێچووانە لە ئەستۆ دەگرێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ڕیکۆردشکاندنی تێچووەکانی نۆژەنکردنەوە، باری قورسی هەڵاوسانی کەمەرشکێنی زاڵ بەسەر ئابووریی کۆماری ئیسلامی و وێرانکارییەکانی شەڕدا، پشتی جەماوەری ئێران دەچەمێنێتەوە

دوو هێندەبوونی تێچووەکانی بیناسازی پێش هەموو شتێک دەرئەنجامی گرانبوونی سێ کاڵای بنەڕەتییە: گرووپی تەئسیساتی میکانیکی و جۆرەکانی عایقی حەرارەتی بە تۆمارکردنی پشکی سەدا ٢٨.١، گرووپی ئاسن، میلگەرد، پرۆفیل و دەرگا و پەنجەرە بە پشکی سەدا ٢٤.٣ و گرووپی پێداویستییە کارەباییەکان بە تۆمارکردنی پشکی سەدا ١٩.٧، گەورەترین ڕۆڵیان هەیە لە بەرزبوونەوەی تێچووی کۆتایی بیناسازی لە پایتەختدا. کۆکردنەوەی ئەم ژمارانەی سەرەوە بەو مانایەیە کە لە بیناسازیدا تەنیا سێ بەشی بنەڕەتی (واتە تەئسیسات و پەیکەری ئاسن)، بە تەنیا بەرپرسیارن لە زیاتر لە سەدا ٧٢ی کۆی هەڵکشانی لەناکاوی تێچووەکانی دروستکردنی خانوو لە تاران

ئەم بەرزبوونەوەیەی نرخەکان تەنیا بۆ پێنج مانگی ڕابردوو و ئاسەوارەکانی شەڕی کۆنەپەرستانە ناگەڕێتەوە. پێوەری هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵ کە پێوەری بەراوردکردنی نرخی کاڵایەک لە کاتێکی دیاریکراودا لەگەڵ هەمان کاتی ساڵی ڕابردوودا نیشان دەدات، پێمان دەڵێت کە نرخی گرووپی «تەختە و دار» بە تۆمارکردنی ژمارەی سەدا ٢٠٨.٩ لە یەک ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە سێ هێندە بەرز بووەتەوە. لە دوای دار، گرووپی «تەئسیساتی میکانیکی و جۆرەکانی عایقی حەرارەتی» بە هەڵاوسانی سەدا ١٨٩.٦ و «ڕەنگ کردنی بینا» بە گەشەی سەدا ١٨٠.٥ لە ڕیزەکانی دواتردا وەستاون. «کەرەستە کارەباییەکان» و «شیر و تاقمی دەستشۆر و حەمام»یش بە ڕیزبەندی بە هەڵاوسانی ١٦٥.٧٪ و ١١٤.٦٪، پێوانە مێژووییەکانی خۆیان شکاندووە. ئەمەش بەو مانایەیە کە هەڵکشانی نرخی کاڵا بنەڕەتییەکانی دروستکردنی خانووبەرە، بێ گوێدانە شەڕ و «ئاشتی»ی دەوڵەتەکان، ڕەوتە خێرا و بەردەوامەکەی خۆی دەبڕێت

ئەم بارودۆخە تەنیا لە پایتەختدا کورت نابێتەوە و شار و گوندە گەورە و بچووکەکانی دیکەی ئێرانیش، بەرەوڕووی دۆخێکی هاوشێوەن. ملیۆنان بنەماڵەی دیکە لە ئێستادا لە گەڕەکە پەراوێزخراوەکان و خانووە کۆن و داڕماوەکاندا مەینەتی دەکێشن، بەڵام هیچ جۆرە ڕێگاچارەیەکی تاکەکەسییان بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە لەبەردەستدا نییە. قووڵایی کارەساتەکە هەر لێرەدا کۆتایی نایەت؛ ملیۆنان گەنج سەرباری هەڵکشانی تەمەنیان و نزیکبوونەوەیان لە دەیەی چوارەمی ژیانیان، لە پێکهێنانی خێزان و تەنانەت هەبوونی پەناگەیەکی سەربەخۆ لە دایک و باوکیان بێبەش کراون. ئەم مەسەلەیە زیاتر لەوەی دەرئەنجامی پرسە فەرهەنگییەکان بێت، ڕەگ و ڕیشەی لە تێچووە کەمەرشکێنەکانی خانوو و نیشتەجێبووندایە. داهاتەکان، تازە ئەگەر کارێکیش هەبێت، زۆرجار تەنانەت بۆ کرێی خانووێکی بچووکیش بەش ناکات و هیچ پاشەکەوتێک بۆ دانی پارەی ڕەهنە قورسەکان بوونی نییە. ماوەیەک لەمەوپێش ڕۆژنامەی "دنیای اقتصاد" لە بابەتێکدا لەژێر سەردێڕی «نەوەی زێد، نەوەی بێخانوو» نووسی: «زۆرینەی ئەم نەوەیە لە بارودۆخی ئێستادا توانای پاشەکەوتکردنیان نییە و کەمینەیەکیشیان توانای پاشەکەوتکردنی مانگانەی یەک ملیۆن تمەنیان هەیە. بەم دۆخەوە، ئەم ڕێگایە تا گەیشتن بە یەکەمین خانوو بۆ نەوەی زێد، زیاتر لە سەدەیەک و نیو دەخایەنێت.» ئەمەش واتە هیچ دەرفەت و بوارێک بۆ سەربەخۆبوونی گەنجانی ئێران بوونی نییە. بەپێی ئامارەکان، گەنجی ئێرانی بە تێکڕا لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا ماڵی دایک و باوکی جێدەهێڵێت، کە بەراورد بە تێکڕای ٥٠ وڵاتی جیهان ٤ ساڵ جیاوازی هەیە. کەلێنێک کە دوو دنیای جیاواز لە گەنجێتی پێکدەهێنێت و نەهامەتی و زیانێکی زۆری خێزانی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کەمینەیەک لە گەنجان کە سەر بە چینی سەرمایەداری کۆمەڵگان و لەگەڵ سەران و دامودەزگا حکوومی و سەربازییەکاندا تێکەڵاوییان هەیە، خاوەنی دەیان و سەدان یەکەی نیشتەجێبوون و شوقەن هەر لەم شاری تارانە و شارەکانی دیکەی ئێراندا. ئەوان خانووبەرە وەک کاڵایەکی پڕقازانج بۆ سەرمایەگوزاری لە خاکی ئێران و تەنانەت وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارس و ئەمریکا و کەنەدا دەقۆزنەوە. لە لۆژیکی سەرمایەداریدا خانووبەرە کاڵایەکە، و پاڵنەری قازانجویستی و کەڵەکەبوونی سەرمایە، ملیۆنان گەنجی دەستەنگ لە سەرەتاییترین پێداویستیی ژیانی کۆمەڵایەتی، واتە پەناگەیەکی ئارام و ستاندارد، بێبەش دەکات

بەڵام ئەگەر کڕین یان دروستکردنی خانوو بووەتە خەونێکی وەدینەهاتوو، ئەوا تێچووی کرێی خانووش سەری لە ئاسمان داوە. بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی کار و لە لێکۆڵینەوەی ئامارەکانی بودجەی خێزان لە ساڵی ١٣٩٧دا، خانووبەرە لە سەدا ٣١.٣ی تێچووی خێزانەکانی بەخۆی تەرخان دەکرد، بەڵام لە ساڵی ١٤٠٣دا، ئەم ڕێژەیە گەورەتر بووە و گەیشتووەتە لە سەدا ٤٠.٣. داتاکانی ئەم ڕاپۆرتە تا ساڵی ١٤٠٣ دەگرێتەوە و جێگەی ساڵی ١٤٠٤ بەتاڵە. ئێستا کە لە ساڵی ١٤٠٥دایین، بێگومان ئامارە ڕاستەقینەکان زۆر لەوە کارەساتبارترن کە دەزگا حکوومییەکان ئامادە بن دانی پێدا بنێن و ڕاستییەکان بدرکێنن. کار گەیشتووەتە جێگەیەک کە سەرەڕای خەرجکردنی لە سەدا ٤٠ی داهات بۆ دابینکردنی خانووبەرە، حەشیمەتێکی زۆر کە دەکاتە یەک لەسەر سێی خەڵکی ئێران بۆ حاشیەی شارەکان دوورخراونەتەوە و لە ڕووی ئابوورییەوە توانای نیشتەجێبوونیان لە گەڕەکە ستانداردەکانی شاردا نییە

ساڵانێکە قەیرانی خانووبەرە و تێچووە قورسەکانی بووەتە یەکێک لە قەیرانە قووڵە کۆمەڵایەتی و بژێوییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان. یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و ڕاپەڕینی چەوساوانی شار، لە ڕاپەڕینی گەڕەکی 'کوی طلاب'ی مەشهەد لە جۆزەردانی ٧١ەوە تا ڕاپەڕینی برسییەکان لە خەزەڵوەری ٩٨دا، گەڕەکە کرێکارییەکان و پەراوێزی شارەکان بووە. ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێراندا، داخوازیی خانووبەرەی ئارام و ستاندارد، یەکێک لە داخوازییە گرنگ و ڕەواکانی چینی کرێکار و هاوپەیمانەکانیەتی. بەڵام گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان و باشترکردنی ژیانی هەژاران و دەستەنگان لە ڕێگەی چالاکییە خێرخوازییەکان یان ڕێکارە تاکەکەسییەکانەوە ناگاتە هیچ کوێ. قەیرانی خانووبەرە قەیرانێکی کۆمەڵایەتییە و هەر بۆیەش وەڵامی کۆمەڵایەتیی دەوێت. خەبات بۆ دابینکردنی خانووبەرە، لە خەباتی بەرەی کار و زەحمەت لە پێناو ئازادی و بەرابەریدا جیاواز نییە. چارەسەرکردنی قەیرانی کەمیی خانووبەرە تەنیا دەتوانێت دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی خەباتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و بێبەشکراوی کۆمەڵگا بێت. ئەزموونی جیهانی پێمان نیشان دەدات کە لە هەر گۆشەیەکی جیهاندا، کاتێک کرێکاران بە شێوەیەکی ڕێکخراو و یەکگرتوو بۆ داخوازی و مافەکانیان و لەوانەش بۆ دابینکردنی خانووبەرەی گونجاو خەباتیان کردووە و بە خەباتەکەیان دەوڵەتە سەرمایەدارییە دەسەڵاتدارەکانیان خستووەتە ژێر گوشارەوە، تا ڕادەیەک لە چارەسەرکردنی کێشەی خانووبەرە نزیک بوونەتەوە

❊❊❊



# کۆماری ئیسلامی لە تەقەللای مانەوەدا لە ئامادەکاریدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاپەڕینی برسییەکان

بەردەوامیی گەمارۆی گەرووی هورمز و سەپاندنی گەمارۆی دەریایی و سزاکانی ئەوپەڕی گوشاری ئەمریکا دژ بە کۆماری ئیسلامی، و پەرەسەندنی ڕەهەندەکانی گرانی و هەژاری و نەهامەتیی ئابووری، کۆمەڵگەی ئێرانی تا لێواری تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی بردووە. هەلومەرجێکی لەم چەشنە، ناوەندە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی لە پێکهاتەی ڕژێمدا بەرەو گرتنەبەری بڕیار و ڕێوشوێنی بەرفراوانی ئەمنی پاڵ پێوە ناوە؛ ئەو ڕێوشوێنانەی کە نیشاندەری ئاستێکی بەرزی ترس و دڵەڕاوکێی ڕژێمی ئیسلامییە بۆ ئاسایش و مانەوەی خۆی. هەندێک لەم هەنگاوانە بریتی بوون لە: گەڵاڵەی ئەمنی بەناو "دزەکردنی دەزگا هەواڵگرییەکانی دەوڵەتان و ناوەندە بێگانەکان لە وڵاتدا" لە مەجلیسی شورای ئیسلامیدا لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی گەلاوێژ، و سێ ڕۆژ دواتر، ڕاگەیاندنی بڕیاری دەزگای دادوەریی ڕژێم بۆ دوورخستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی باڵا و بەڕێوەبەرانی ئەم دەزگایەی سەرکوتی ڕژێمی ئیسلامی و دەستنیشانکردنی کەسانی نوێ لە جێگەیان. ئەم دوورخستنەوە هاوکاتانە، ٩ کەس لە بەرپرسانی باڵای ئەو دەزگایە و سەرۆکی ڕێکخراوی زیندانەکان، سەرۆکی ڕێکخراوی پشکنینی گشتیی وڵات و بەرپرسانی بەشەکانی دیکەی پێکهاتەی ئەمنی و چاودێری دەگرتەوە. سەرەڕای ئەمانە، لە ئاستی باڵای سپای پاسداران و بەسیجیشدا گۆڕانکاری ئەنجام دراوە. دوورخستنەوەی زولقەدر و دانانی موحسین ڕەزایی لە جێگەکەی لە "ئەنجومەنی باڵای ئاسایش"ی ڕژێم و دانانی حوسێن تائیب، مۆرەیەکی قێزەون و سەرکوتگەری دیکەی ڕژێم بە سەرۆکی ڕێکخراوی بەسیج، هەر لەو گۆڕانکارییانە بوون

موحسینی ئێژەیی، سەرۆکی جەلادی دەزگای دادوەری ڕژێمی ئیسلامی، باسی لە دوورخستنەوەی سەرۆکی دیوانی باڵای وڵات و سەرۆکە گشتییەکانی دادگستریی ١٤ پارێزگای دیکەش کرد لە ڕۆژانی داهاتوودا. ناوبراو ئامانج لەم دوورخستنەوە و جێگۆڕکێیانەی بە "چاکسازی، نۆژەنکردنەوە و بەرزکردنەوەی کارایی" لە دەزگای دادوەریدا ناو بردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرچاوە ئاگادارەکان، ئەو کەسانەی کە ئەم دواییانە دانراون، بە مۆرەگەلێک دەناسێنن کە لە سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی جەماوەر و دەرکردن و جێبەجێکردنی حوکمەکانی لەسێدارەدان و زیندانی درێژخایەن و هەڵسوکەوتی دژەمرۆیی لەگەڵ زیندانیان، خاوەنی پێشینەیەکی تاوانکارانەن. لەم ڕووەوە دەرکەوت کە مەبەستی ئێژەیی لە "چاکسازی و بەرزکردنەوەی کارایی لە دەزگای دادوەری"، دانانی ئەم مۆرە تاوانکارانەیە بەمەبەستی ئامادەیی زیاتری ڕژێمی ئیسلامی بۆ توندترکردنەوەی سەرکوت و لە پێناو دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدان و زیندانی درێژخایەن بۆ زیندانیان

هەنگاوە تاڕادەیەک هاوکاتەکانی مەجلیس و دەزگای دادوەری و سپا و بەسیج لە جێگۆڕکێی مۆرەکانی سەرکوت، لە حاڵێکدا ئەنجام دەدرێن کە شەڕی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی هێشتا نەگەیشتووەتە کۆتاییەکی یەکلاکەرەوە و گەمارۆی دەریایی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەمریکاوە هەروا بەردەوامە و بەرپرسانی دەوڵەتی ئەمریکاش جەخت لەسەر توندترکردنی گەمارۆکان دەکەنەوە. ئەمریکا تا ئێستا نەک هەر ڕێگری لە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت و بازرگانی کۆماری ئیسلامی لە گەرووی هورمز کردووە، بەڵکوو ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی گەلاوێژ، بە ڕاگەیاندنی گەڵاڵەی توندترکردنی سزاکان دژ بە کۆماری ئیسلامی، بە "کەموێنەترین ئۆپەراسیۆنی ئابووریی ئەمریکا" ناوی برد و هەڕەشەی کرد کە: "هەر وڵاتێک یارمەتیی کۆماری ئیسلامی بدات بۆ خۆدزینەوە لە سزاکان، یان پەیوەندیی بازرگانییان لەگەڵدا هەبێت، ڕووبەڕووی سزا و پێبژاردنی قورس دەبێتەوە"

بە جێبەجێکردنی گەڵاڵەیەکی لەم شێوەیە لەلایەن ئەمریکاوە، بارودۆخی ئابووریی ڕژێمی ئیسلامی زۆر قەیراناویتر لە ڕابردوو دەبێت. لە یەکەمین کاردانەوە بەم گەڵاڵەیە، ڕۆژی یەکشەممە یەکی خەرمانان، نرخی دۆلار لە بازاڕی تاران بە بازدانێکی حەوت هەزار تمەنی، گەیشتە سەرووی ١٩٩ هەزار تمەن، کە ئەمەش بۆ هەندێک لە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی جێگەی دڵەڕاوکێیە. لەم پەیوەندییەدا، قالیباف سەرۆکی مەجلیس، ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی گەلاوێژ، بە دەربڕینی نیگەرانی لە پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری و ڕاپەڕینی برسییەکان دژ بە ڕژێمی ئیسلامی گوتی: "ئێمە هەرچەندە هێزی سەربازیمان هەبێت، بەڵام بێ سووڕانەوەی پارە، گەشەی ئابووری و بەرهەمهێنانی نیشتمانی، لە بەرامبەر جەماوەری برسیدا خۆ ناگرین و نامێنینەوە"

ڕۆژی هەینی ٣٠ی گەلاوێژ، مەسعوود پزیشکیانیش بە ئاماژەکردن بە سزاکان و بوونی کێشە لە هەنارده و هاوردەدا، دۆخی ئێستای بە شەڕێکی گشتگیری ئابووری، سەربازی و ئەمنی وەسف کرد. ناوبراو دانی بەوەدا نا کە: "جیا لە بەربەستە داراییەکان و گەمارۆی دەریایی، کاری هەنارده و هاوردەمان تووشی کێشە بووەتەوە و بۆ زیادکردنی پسوولەی خۆراک (کالابەرگ)، پابەندییە داراییەکانی گەنمکاران، بیمەی بژێویی کرێکاران، خانەنشینان و فەرمانبەران، ڕووبەڕووی ئەو بەربەستە داراییانە بووینەتەوە کە بەرهەمی گەمارۆی دوژمنە". لە لایەکی دیکەوە، پزیشکیان بە دەربڕینی هەندێ دانپێدانانی وەک: "ئێمە زۆرجار پابەندی ئەو لێکتێگەیشتن و پەیمانە نەبووین کە لەگەڵ ئەمریکادا بەستمان و پشتگوێمان خست، و باشتر وایە هەر ئەمڕۆ کۆتایی بە شەڕ بهێنین"، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کادری ڕێبەری سپای پاسدارانی وەک بڕیاردەری سیاسەتە ستراتیژییەکانی ڕژێمی ئیسلامی، بە هۆکاری بەردەوامبوونی شەڕ و قووڵکردنەوەی قەیرانە ئابوورییەکان تاوانبار کرد

بێگومان باڵی 'پایداری' و ئوسوولگەرا توندڕەوەکان و هەندێک لە مۆرەکانی کادری ڕێبەری سپا کە لە پێکهاتەی دەسەڵات و لەناو دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکاندا بوونیان هەیە، ئەوانیش نیگەرانی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان و پەرەسەندنی مانگرتنی کرێکاران و بەشە هەژار و زەحمەتکێشەکانی دیکەی کۆمەڵگەن. بەڵام پێیان وایە کە بە توندترکردنی ڕێوشوێنە ئەمنییەکان و جێگۆڕکێ پێکردن لە پۆست و بەرپرسیارێتییە سەربازی و ئەمنییەکان لەناو سپا، بەسیج و دەزگای دادوەری و پەسەندکردنی گەڵاڵەی پێویست بۆ توندترکردنەوەی سەرکوت و لەسێدارەدان و کۆمەڵکوژیی سەر شەقامەکان (هەروەک چۆن لە بەفرانباری ساڵی ڕابردوودا ئەنجامیان دا)، دەتوانن ڕێگری لە تەقینەوەی کۆمەڵایەتی دەرهاویشتەی هەژاری و برسیەتیی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگە بکەن

بەڵام شوێنەوار و لێکەوتەکانی شەڕی کۆنەپەرستانە و ئیمپریالیستیی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی لەسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و چین و توێژە چەوساوەکانی دیکەی کۆمەڵگە، بە درێژخایەنبوونی شەڕ و گەمارۆی ئابووری و توندتربوون و بەردەوامی سزاکان، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەهەندی بەرفراوانتری بەخۆیەوە بینیوە. تا ئەو جێگەیەی کە گرانی و بێبەهابوونی ڕۆژانەی دراوی کۆماری ئیسلامی، هیچ توانایەکی کڕینی بۆ جەماوەر نەهێشتووەتەوە. لەم سۆنگەیەوە، سەرەڕای دانانی بەرپرسانی تاوانکارتر لە دەزگای دادوەری و خۆئامادەکردن بۆ توندکردنی سەرکوت و زیادکردنی لەسێدارەدانەکان، کرێکاران و توێژە چەوساوەکانی دیکەی کۆمەڵگە ناتوانن لەوە زیاتر بەرگەی ئەم هەژاری و برسیەتییە بگرن. بە دانپێدانانی خودی بەرپرسانی دەوڵەتییش، توانای بەرگەگرتنی جەماوەر لە ئاست بێکاری، گرانی، هەژاری و برسیەتیدا گەیشتووەتە کۆتایی

لەگەڵ درێژە و قووڵبوونەوەی قەیرانگەلێکی لەم چەشنە، سەرهەڵدانی مانگرتنە کرێکارییەکان و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتی و سەرتاسەرییە جەماوەرییەکان، شتێکی حاشاهەڵنەگرە. زەویی ژێرپێی کۆماری ئیسلامی داغتر دەبێت. ئەگەر ڕێبەران و بەرپرسان و دامودەزگاکانی ڕژێمی ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆیان خەریکی خۆئامادەکردن بۆ سەرکوت و تاوانی زیاترن، پێویستە ڕێبەران و چالاکانی پێشڕەو و شۆڕشگێڕی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش، لە هەوڵی ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕژێمە دژەمرۆییەدا بن

❊❊❊



# باری قورسی قەیرانی ئاو لەسەر شانی ژنانی زەحمەتکێش

قەیرانی ئاو زۆرجار بە بیانووی وشکەساڵی، کەمئاوی و گۆڕانکارییە ئاووهەواییەکان پاساو دەدرێت؛ وەک بڵێی تەنیا لەگەڵ دیاردەیەکی سروشتی و دابڕاو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەوڕووین. بەڵام بۆ ژنێکی گوندنشین یان بۆ کچێک کە لەبری قوتابخانە، خەریکی هەڵگرتنی دەبە ئاوە بۆ ماڵەوە، قەیرانی ئاو پێش هەر شتێک پرسێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتییە. لە شوێنێکدا کە ژێرخانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بوونی نییە، تێچووی دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان دەخرێتە ئەستۆی خێزان، و لەنێو پێکهاتەی دابەشکاری کاری ئێستادا، بەشێکی گەورەی ئەم باجە ژنان دەیدەن. خەمڵاندنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نیشانی دەدەن کە ژنان و کچانی جیهان لەو ناوچانەی کە دەستیان بە ئاوی گونجاو ڕاناگات، ڕۆژانە نزیکەی ٢٥٠ ملیۆن کاتژمێر بۆ هێنان و کۆکردنەوەی ئاو تەرخان دەکەن؛ واتە هەر ڕۆژە و چەندین کاتژمێر تەرخان دەکرێت بۆ کارێک کە دەبوو بەشێک بێت لە خزمەتگوزارییە گشتییەکانی ئاوگەیاندن. لە سەدا ٧٠ی ئەو بنەماڵانەی لە تۆڕی ئاوگەیاندن بێبەرین، بەرپرسیارێتی دابینکردنی ئاو لەسەر شانی ژنانە. کچانی ژێر ١٥ ساڵیش نزیکەی دوو هێندەی کوڕانی هاوتەمەنی خۆیان سەرقاڵی ئاوکێشانن

ئەم ئامارانە دەریدەخەن کە قەیرانی ئاو هەر لە تەمەنی منداڵییەوە گرێ دراوە بە دابەشکاریی ڕەگەزیی کارەوە. کچان کاتی کەمتریان بۆ قوتابخانە و پشوودان دەبێت و زووتر پەلکێشی نێو کاری ناوماڵی بێکرێ و تاقەتپڕووکێن دەکرێن. کەواتە، ستەمی ڕەگەزی تەنیا لە هەڵاواردنی یاسایی یان فەرهەنگیدا کورت نابێتەوە؛ بەڵکوو لە زەوتکردنی کات، توانای جەستەیی و دەرفەتەکانی پەروەردەی ژنانیشدا خۆی دەنوێنێت. ئاوکێشان، چێشتلێنان، چاودێریکردنی منداڵان و بەساڵاچووان و بەڕێوەبردنی ناوماڵ، بەشێکن لە کاری "بەرهەمهێنانەوەی ژیان"؛ کارێک کە ژیان و هێزی کار بەرهەم دەهێنێتەوە، بەڵام زۆربەی کات بەبێ کرێ ئەنجام دەدرێت. هەر کاتژمێرێک کە ژنێک لە ڕیزی تانکەرێک یان لە ڕێگەی گۆمەئاوەکاندا بەسەری دەبات، بەشێکە لەو باجەی کە لەبری دابینکردنی ژێرخانی گشتی، خراوەتە سەر کات و توانای جەستەیی ئەو

سیستان و بەلوچستان نموونەیەکی ئاشکرای ئەم نایەکسانییەیە. لە ناوچەی "دەشتیاری" لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەم پارێزگایە، زیاتر لە ٦٠ لەسەدی گوندەکان هێشتا لە ژێرخانی ئاوگەیاندن بێبەشن. خەڵکی ئەم گوندانە، بەتایبەت ژنان و منداڵان، ناچارن ئاو لە "هوتەک" (گۆماوەکان)، ڕووبارەکان، سەرچاوە ناتەندروستەکان یان تانکەرە گەڕۆکەکانەوە دابین بکەن. هوتەک، یان هەمان چاڵ و گۆماوی دەستکرد یان سروشتی کە ئاوی بارانە وەرزییەکانی تێدا کۆدەبێتەوە، لە هەلومەرجی نەبوونی تۆڕی ئاوگەیاندندا دەبێتە سەرچاوەی مانەوە و ژیان، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت ببێتە شوێنی بەرکەوتنی مرۆڤ و ئاژەڵ، پیسبوونی میکرۆبی و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس. لە مانگە گەرمەکانی ساڵدا کە پلەی گەرما دەگاتە سەرووی ٤٠ پلەی سانتیگراد، هاتوچۆکردن بۆ سەر ئەم سەرچاوانە سەخت و مەترسیدارە. ژنان لەم ڕێگە دوورەدەستانەدا بەرەوڕووی نائەمنی و ئازار و ئەزیەت دەبنەوە و منداڵانیش لەژێر مەترسی خنکان و نەخۆشییەکانی ئاوی پیسدان

کاتێک ئاواییەکان دوای دەیان ساڵ هێشتا تۆڕی ئاوگەیاندنیان نییە، کێشەکە تەنیا کەمبوونی ئیمکاناتی تەکنیکی نییە؛ بەڵکوو شێوازی لەپێشینەدانانی سەرچاوە گشتییەکانیش دەبێت بخرێتە ژێر پرسیارەوە. بڕیاردان لەسەر ئەوەی چ پڕۆژەیەک، لە چ ناوچەیەک و بۆ چ جۆرە بەکاربردنێک لە ئەولەوییەتدایە، بەشێکە لە پەیوەندییە ئابووری و سیاسییە زاڵەکان. وشکەساڵی و گۆڕانکارییە ئاووهەواییەکان حاشاهەڵنەگرن، بەڵام بەتەنیا هۆکاری قەیرانی ئاو نین. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی قەیرانی ئاو، بوونی مافیای خاوەننفووزی ئاوە لەنێو پێکهاتەی حکومەتی ئیسلامیدا. ئەم مافیایە بە قۆرخکردنی پڕۆژە زەبەلاحە سەدان ملیۆن دۆلارییەکانی گواستنەوەی ئاو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی لێکەوتە و کارەساتە ژینگەییەکانی جێبەجێکردنیان، نەک هەر بووەتە هۆی کەمبوونی ئاوی خواردنەوەی خەڵک، بەڵکوو بووەتە هۆی وشکبوونی ئاوی ڕووبار و تاڵاوەکان و تەنانەت بەتاڵبوونی ئاوی ژێرزەوی و ڕۆچوونی زەوی لە زۆربەی ناوچەکانی ئێراندا. پڕۆژەگەلی ناکارناسانە و وێرانکەری سپای پاسداران لە بواری ئاودا، وەک دروستکردنی بەنداو و لێدانی چەندین بیری قووڵ بە نەخشەگەلێک کە بوونەتە هۆی لەناوچوونی خاک و کەمبوونەوەی پۆششی ڕووەکی و دابەزینی ئاستی دزەکردنی ئاوی باران بۆ نێو سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی، لەژێر ناوی ڕواڵەتی "ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی پیشەسازی و کشتوکاڵ"، لە هۆکارەکانی دیکەی قەیرانی ئاو بووە

لەژێر سایەی ئەم هەلومەرجەدا، باری قورسی قەیران و کەمئاوی، بەتایبەتی لە ناوچە بێبەشکراوەکانی وەک سیستان و بەلوچستان، دەگوازرێتەوە بۆ نێو خێزانە چەوساوە و کەمداهاتەکان، و لە پێکهاتەی هەنووکەیی دابەشکاریی کاردا، ژنان بەشێکی گەورەی ئەم بارە هەڵدەگرن. بەم چەشنە، ناکارامەیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەگۆڕێت بۆ کاری بێکرێی ژنان و گرێدراوی نێوان نایەکسانیی چینایەتی و ستەمی ڕەگەزی لە ژیانی ڕۆژانەدا ئاشکرا دەبێت. بەرەنگاربوونەوەی ئەم دۆخە بە کاری خێرخوازی، دابەشکردنی کاتی ئاو یان بەڵێنی بێبنەما چارەسەر نابێت. دەبێت داواکاری هەنووکەیی و دەستبەجێ، دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی تەندروست، بێبەرامبەر و هەمیشەیی بێت بۆ سەرجەم گوند و گەڕەکە بێبەشکراوەکان؛ ئەویش تەنیا لە ڕێگەی تۆڕی گشتیی ئاوگەیاندن، بودجەی شەفاف و چاودێری ڕاستەقینەی جەماوەر بەسەر جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا بەدی دێت

قەیرانی ئاو لە کۆماری ئیسلامیدا، نەک هەر قەیرانێکی ئاووهەوایی، بەڵکوو قەیرانێکی سیاسی و پێکهاتەییە کە لەئێستادا بەتایبەت لە ناوچە بێبەشکراوەکانی ئێران بەرۆکی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی گرتووە. زیاتر لە چوار دەیەیە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەبری ئەوەی سامان و ئیمکاناتی دارایی کۆمەڵگا و خەڵکی ئێران تەرخان بکات بۆ دابینکردنی بودجە لەپێناو نۆژەنکردنەوەی ژێرخانەکانی ئاوگەیاندن و بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ، پیشەسازی، کانگاکان و لەپێناو خۆشگوزەرانی و ئاسایشی خەڵک، ئەم سامانەی خستووەتە گەرووی هێزە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی "میحوەری موقاوەمەت"، شەڕانگێزی، پڕۆژە ئەتۆمییەکان و فراوانکردنی دەزگا سەرکوتگەرە ئەمنی و سیخوڕییەکان لەپێناو سەرکوتکردنی خەڵک و مانەوەی دەسەڵاتەکەی. لەئێستادا ڕژیمی داماوی کۆماری ئیسلامی، لە ترسی تەشەنەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان و تەقینەوەی تووڕەیی جەماوەر بەهۆی هەژاری و نەهامەتی بێوێنەی ئابووری، و هەروەها بێتوانایی لە دابینکردنی ئاو، کارەبا و وزە، دەیەوێت لە ڕێگەی چڕکردنەوەی سەرکوت، پەرەپێدانی لەسێدارەدان و ڕەشبگیری چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێشی پێ بگرێت

❊❊❊



# ئەو شاعیرەی کە فاشیزم نەیتوانی بێدەنگی بکات؛

## ۹۰ساڵ دوای تیرۆرکردنی فێدریکۆ گارسیا لۆرکا لەلایەن هێزەکانی فرانکۆوە

چارەنووسی لۆرکا هۆشدارییەکی شۆککەرە سەبارەت بە سروشتی فاشیزم کە بەرهەمی سەرمایەدارییە؛ فاشیزمێک کە ڕق و کینەی خۆی ئاراستەی کولتوور و ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ دەکات. تیرۆرکردنی یەکێکە لە تاریکترین بابەتەکانی مێژووی ئیسپانیا. بەڵام شیعرەکەی هی جیهانە. ڕۆژی ١٨ی ئوت، ٩٠ ساڵ لە تیرۆرکردنی شاعیر و شانۆنووسی گەورەی ئیسپانی فێدریکۆ گارسیا لۆرکا تێدەپەڕێت؛ ساڵی ١٩٣٦ لە سەرەتای شەری ناوخۆیی ێیسپانیا لەلایەن هێزە فاشیستەکانی فرانکۆوە لە نزیک گرانادا لەسێدارەدرا

ڕەنگە بکوژانی لۆرکا پێیان وابوو کە فیشەکێک بێدەنگی دەکات. مێژوو پێچەوانەکەی سەلماندووە. شیعر و شانۆنامەکانی و مرۆڤدۆستی بەردەوامی لە بکوژەکانی ڕزگاری بووە، ئەمەش وایکردووە ببێتە یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەدەبی ئیسپانیا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و هێمایەکی بەردەوامی ئیسپانیای دیموکراسی و دژە فاشیست بێت کە فرانسوایزم هەوڵی لەناوبردنی دەدا

لۆرکا لە شیعر و شانۆنامەکانیدا بەدواداچوون بۆ خۆشەویستی و مردن، سۆز و تەنیایی، ستەم و ئازادیی کردووە. ڕقی لە ستەمکاری بوو و لە دژی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی وچەوساندنەوە و جیاکاری وەستایەوە. هەرچەندە هەرگیز پەیوەندی بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ڕێکخراوەوە نەکردووە، بەڵام دژە فاشیستێکی سەرسەخت و ڕەخنەگرێکی توندی نەزمی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە بووە. بەرهەمەکانی هێزو توانایی بە هەژاران و پەراوێزخراوەکان و گۆشەگیرکراوان بەخشی، هەژاری و نامۆبوون و ڕەگەزپەرستی و ڕێکەوتنە خنکێنەرەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازیی ئاشکرا کرد

لۆرکا لە ساڵی ١٨٩٨ لە شاری فۆینتێ ڤاکیرۆس لە نزیک گرانادا لە خێزانێکی تاڕادەیەک دەوڵەمەندی گوندنشین لەدایکبووە، لە تەمەنێکی بچووکەوە حەزی لە مۆسیقا و ئەدەبیات بووە. دایکی کە مامۆستا بوو، هانی دەدا بۆ خوێندنی مۆسیقا، کە دواتر کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ڕیتم و وێنەسازیی شیعرەکانی دەبێت

لۆرکا لەکاتی خوێندنی لە مەدرید پەیوەندی بە نەوەیەکی سەرنجڕاکێشی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئیسپانیاوە کرد. لە نێو هاوڕێکانیدا سەلڤادۆر دالی و سینەماکار لویس بونوێل بوون. لە ساڵانی ١٩٢٠ و سەرەتای ١٩٣٠ ناوبانگی لۆرکا زۆر لە دەرەوەی ئیسپانیا بڵاوبووەوە و گەیشتە ئەمریکای لاتین و فەرەنسا و ئەمریکا

ڕاپەڕینی سەربازی مانگی تەمموزی ١٩٣٦ کە لەلایەن ژەنەڕاڵە کۆنەپەرستەکانەوە بە سەرۆکایەتی فرانسیسکۆ فرانکۆ دەستیپێکرد، هەڵمەتێکی تیرۆری دژی کۆمارییەکان، کۆمۆنیستەکان، سۆسیالیستەکان، سەندیکاییەکان، ڕۆشنبیران و ئەوانی دیکە دەستپێکرد کە لەگەڵ ئیسپانیای پێشکەوتنخوازدا دەناسران. گرانادا بە خێرایی کەوتە دەست هێزە ناسیۆنالیستەکان و هەزاران کەس دەستگیر و لە سێدارە دران

لۆرکا کە بە ئاشکرا لایەنگری کۆماریخوازەکان بوو و چەندین جار بۆچوونی دژە فاشیستی خۆی دەربڕیبوو، زۆری نەخایاند کرایە ئامانجی فاشیستەکان

لە ڕۆژی ١۶ی ئابی ١٩٣۶ لە شاری گرانادا دەستگیر دەکرێت، دوای ماوەیەکی کورت دەبرێتە شوێنێکی نێوان ویسنەر و ئەلفاکار و بەبێ دادگاییکردن لەسێدارە دەدرێت. تەرمەکەی لە گۆڕێکی بێ نیشاندا بە خاک سپێردرا. هەرگیز شوێنی وردی ناشتنی راستەقینەی دیاری نەکراوە

قسەکانی زۆر لەو گۆڕە بەکۆمەڵە تێپەڕی کە بکوژەکانی هەوڵیان دا بینێژن. شانۆنامە و شیعرەکانی بۆ دەیان زمان وەرگێڕدراون و بوونەتە بەشێک لە میراتی کولتووری مرۆڤایەتی. "هاوسەرگیری خوێن"، "یرما" و "ماڵی بێرناردا ئەلبا" لە شاکارەکانی شانۆی مۆدێرن ماونەتەوە و کۆمەڵە شێعرەکانی وەک "ڕۆمانسی جوتیاران" و "شاعیر لە نیویۆرک"، لەگەڵ بەناوبانگترین بەرهەمی "ئێلێجی بۆ ئیگناسیۆ سانچێز مێجیاس"، جێگەی خۆی لە نێوان گەورەترین شاعیرانی سەدەی بیستەمدا جێگیر کردووە

دوای نەوەد ساڵ لە تیرۆرکردنی، فێدریکۆ گارسیا لۆرکا بەهۆی شێعرو بەرهەمەکانییەوە لە وجدانی مروڤایەتی وخەڵکی ئازادیخوازدا دەژی. ئەو دیکتاتۆرییەی کە کوشتی، پەیوەندی بە تاریکترین لاپەڕەکانی مێژووەوە کردووە، بەڵام ئەو شاعیرە کە ئەو دەسەڵاتە هەوڵی بێدەنگکردنی دا، بەردەوامە لە قسەکردن لەگەڵ ملیۆنان کەس

چارەنووسی لۆرکا هۆشدارییەکی شۆککەرە سەبارەت بە سروشتی فاشیزم، نەوەکانی سەرمایەداری؛ فاشیزم کە ڕق و کینەی خۆی بەرەو کولتوور و ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ ئاڕاستە دەکات. کوشتنی ئەو یەکێکە لە تاریکترین بابەتەکانی مێژووی ئیسپانیا. بەڵام شیعرەکەی هی جیهانە

❊❊❊

**پێشـــــڕەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنه رایه تیی کۆمه ڵه له ده ره وه ی وڵات**

representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**

international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٨٦١٩٣

٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧

٠٠٤٦٧٢٩٠٣٠٦٩٦

٠٠٤٥٦٠٩١١٧٨٢

٠٠٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦




کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ٢١ تا ٢٢

دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٠٥ تا ٠٦

دوپاتەی دەوری دوهەم، ١٣ تا ١٤